# ژنان

خاکەلێوەی ١٣٩٥
March 2016
٤٣

گۆڤاری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان

ئازادی بۆ ژن، بەختیاری بۆ کۆمەڵ

بارودۆخی ژنانی خاوەن کارو پیشە

چیرۆکەکانی ژیان لە رۆژهەڵاتەوە

هەڵاواردنی رەگەزی لە کتێبەکانی خوێندنی سەرەتایی لە ئێران

جامی جیهانیی نەتەوە بێ دەوڵەتەکان و چەند ئاماژەیەک



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پێرست


بارودۆخی ژنانی خاوەنکارو پیشە ٢

هەڵاواردنی رەگەزی لە کتێبەکانی خوێندنی قۆناغی سەرەتایی لە ئێراندا ٧

چیرۆک ١٠

چیرۆکەکانی ژنان لە رۆژهەڵاتەوە ١٣

١٧

جامی جیهانی نەتەوە بێ دەوڵەتەکان و چەند ئاماژەیەک ١٧

دیمانە ١٨

پەیامی هاتوو بە بۆنەی ٧٠ساڵەی دامەزرای یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان ٢٠

زانستی ٢٩

کارو چالاکییەکانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان ٣١

پەیامی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی ٢٤ی رەشەممە ٤١

پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی ٢٤ی رەشەممە ٤٥

پەیامی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی ٨ی مارس ٤٧

پەیامی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی رۆهەڵاتی کوردستان بە بۆنەی ٢٤ی رەشەممە ٤٩

پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بۆ یادی ٧٣ساڵەی دامەزرانی یەکیەتیی لاوان ٥١



دەستەی بەڕێوبوری ؛

عیسمەت نستانی،کوێستان فتوحی،شاناز کاکە ئازمر،موژگان عەلیپوور.

هاوکاران؛

تەوار ئەبروزمنی،سروشت موساپوور

پێدا چوونەوە؛نەسرین حەداد


# ژنان

وەرزانەیەکی

سیاسی، کۆمەڵایەتی،

فەرهەنگی و ئەدەبیە




دیزاینی بەرگ:

ئەیوب شەهابی راد

دیزاینی ناوەوە:

موژگان عەلیپوور



ژمارە تەلەفۆن بۆ پێوەندی گرتن بە یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی:

00964 - 7701387557





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# باردۆخی ژنانی خاوەنکار وپیشە



سەرچاوە: ئینتێرنێت
وەرگێڕان: دایکی کیان

ئەو بۆی نییە ناڕەزایەتی دەربڕێ. ڕێگەچارەی دیکەش هەیەو زۆریش ئاسانترە، دەتوانێ لە ماڵەوە بمێنێتەوەو ماڵداری بکا! بەڵام ئێستا کە بۆخۆی قبووڵی کردووە، ئێستا کە نایهەوێ بڕوانامەکەی لە سەر تاقە بمێنێتەوەو تۆزی لێ بنیشێ، ئێستا کە پێی خۆشە لەناو کۆمەڵگا دابێ و خوازیاری ئەوەیە کە سەربەخۆیی ئابووری هەبێ، نابێ لە ماڵداری دا کەمترخەم بێ و پێویستە کارو باری ماڵ و مناڵەکانیشی بە باشی بەڕێوە ببا، ئەگینا هەمان ئاش و هەمان کاسەیە، مەچۆ سەر کار! چ پێویستییەکت بەم برە پارەیە هەیە، لە ماڵێ بمێنەوەو خانم و خاتوونی خۆت بە. ئەوانە گۆشەیەک لەم گرفتانەن کە بەشێکی زۆر لە ژنانی فەرمانبەر لەگەڵیان ڕووبەڕوو دەبنەوە.

بە سەرهەڵدانی شۆڕشی پیشەسازی لە ئورووپا، بە هۆی کەم بوونی هێزی مرۆڤ بە ڕادەی پێویست، خاوەن پیشەکان سەروسۆراغیان لە هێزەکانی تری کۆمەڵگا گرت و بەم شێوەیە بوو کە لە ژنانیش وەک یارمەتیدەرو هێزی کار کردن کەڵک وەرگیرا. بە تایبەت لە کۆمەڵگای شارنشینی زۆربەی وڵاتاندا، هۆگرایەتی ژنان بە کار کردن و دەست پێ ڕاگەیشتنی ئەوان بە ڕێکخراوە فێرکارییەکان و چالاکییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان، سیمای ژنانی گۆڕی. لەکۆمەڵگای ئێمەشدا بۆ دەستەبەر کردنی بەرهەمەکانی ئەمرۆی جیهان، ئاڵوگۆڕگەلێک لە گەشە کردنی کۆمەڵایەتی دا هاتە پێش، تەنیا دەنگدانەوەیەکی قووڵیش کە هەیبوو دەوری گرینگی بزووتنەوەی ژنان لە جیهانی کارو پیشەدا بوو. بە دڵنیایی ئەم ڕەوتە، واتە هاتنی ژنان بۆ بازاڕی کارو کاسبی و دەست پێ ڕاگەیشتنی ئەوان بە سەرچاوە ئابوورییەکان بە هۆی کار کردن و پڕ کردنەوەی بۆشاییە نوێیەکانی کۆمەڵگە لە لایەن ئەوانەوە بووە، کە لە لایەک بنەماڵەکانی لە شێوازی سوننەتیی پێشوو هێنایە دەرەوە و لە لایەکی دیکەوە، ئاڵوگۆڕی بەسەر ژیان و شێوەی ڕوانینی خۆشیاندا هێنا.

بەڵام لە گشت ئەم ساڵانەدا بەردەوام ئەم پرسیارە لە ئارادا بووە، بە سەرنجدان بە دوو کاری بەردەوامی ژنان، کە یەکیان ئیش و کاری نێو ماڵەوەو ئەوی دیکەیان کار کردن لە دەرەوەی ماڵە، ژنان چۆن دەتوانن لە نێوان ئەم دوو جەمسەرە و زۆربوونی دەور و ڕۆڵەکانیان دا هاوسەنگی پێک بێنن؟

**با لێرەدا ئاماژە بەجۆرەکانی ژنانی خاوەنکار بکەین:**

تەنیا کار کردنی ژنان لە دەرەوەی ماڵە کە وای لێ کردوون ئەم دەستەیە بە ژنانی خاوەنکار و پیشە پێناسە بکرێن. ئەوە لە حاڵێکدایە کە ماڵداری وەک ئیش و کار ناژمێردرێ و بە داخەوە کۆمەڵێکی زۆریش لە ژنانی ماڵدار بۆ تێپەڕ کردنی کاتەکان، بەدڵخۆشی و ئەرخەیانییەوە سەیری ئەم مەسەلەیە دەکەن و زۆر بە باشی ئەم کارانە ڕادەپەڕێنن، ئەگەر جۆرەکانی کار کردنیش وەبەر چاو نەگیرێ، کار کردن بە واتای یەکەم بۆ چەند دەستە دابەش دەکرێ:

**دەستەی یەکەم:** ژنانێکن کە سەرەڕای کار کردن لە دەرەوی ماڵ، لە کاتی گەڕانەوە بۆ ماڵیشدا، ئەرکی ماڵ و منداڵیان لە ئەستۆیەو بە هۆی جیاکرانەوەی کارەکان و دابەش کرانیان بە پێی ڕەگەز ، بە ناچار دەبێ خەریکی کارەکانی ماڵەوەش بن و هەروەها لە کارو باری پەروەردە کردنی مناڵەکانیش خافڵ نەبن و لە لایەکی دیکەشەوە دڵی هاوسەرەکەشیان بە دەست بێنن. لەم دەستەیەدا، پیاوان بە ڕوانگەی سوننەتیی خۆیان، هیچ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



چەشنە هاوکاری و بەشداریەکیان لە کارەکانی ناو ماڵدا نیەو پێیان وایە کە ئەرکی ئەوان تەنیا دابین کردنی خەرج و مەخارجی بنەماڵەیەو کارو باری ناوماڵ و پەروەردە کردنی مناڵەکان ئەرکی سەرەکیی ژنانە.

لەم جۆرە بنەماڵانەدا ، کاری ژن لە دەرەوەی ماڵ و قبووڵ کردنی بەرپرسایەتی و ئەرکەکانی چەند قاتی نێو ماڵ لە درێژماوەدا دەبێتە هۆی دژایەتی و کێشەگەلێک کە ئاکام و دەرئەنجامە خراپەکانی پێکهاتەی بنەماڵەو پێوەندیی هاوسەریەتی و بە تایبەت بارودۆخی مناڵەکان دەخاتە مەترسیەوە.

**دەستەی دووهەم**: ئەم دەستەیە لە ژنانێک پێک دێ کە لەگەڵ هاوسەرەکەیان بە باشی لێک تێگەیشتوون و ڕووحی هاوکاری کردنیان لە نێواندایە، ئەم ژنانە وێڕای هاوسەرەکانیان کار و ئەرکەکانی ناو ماڵ و پەروەردە کردنی مناڵەکان بە باشی بەجێ دەگەیەنن. لە نێو کۆڕی گەرمی ئەم جۆرە بنەماڵانەدا، ماڵ و بنەماڵە جێگەی ئاشتی و تەباییە و هیچ جێگەیەک بۆ ملهوڕی کردن و زاڵ بوونی لایەنێک بەسەر لایەنێکی دیکەدا بەدی ناکرێ. لەم بنەماڵانە دا، کار و ئەرکەکان بە شێوەیەک دابەش دەکرێن کە هاوسەرەکان، بە یەکدڵی و یەکگرتووییەوە لە بەرامبەریاندا هەست بە بەرپرسایەتی دەکەن. لە وەها پێکهاتەیەکدا ژنان لە لایەن هاوسەرکانیانەوە ئەو پەڕی پشتگیریان لێ دەکرێ.

لێکۆڵینەوەکان دەری دەخەن ئەم پیاوانەی کە لە کاری ماڵدا یارمەتی خێزانەکەیان دەدەن، لەشساغیان باشترەو زیاتریش لە بواری ڕووحیەوە هەست بە هێمنایەتی دەکەن، هەروەها لە ژیانی هاوبەشیشدا کەمتر تووشی گیرو گرفت دەبن، لە شوێنی کارەکەشیان زۆرتر هەست بە تەندروستیی رووح و رەوانی خۆیان دەکەن، ئەم جۆرە بنەماڵانە هەستی بەرپرسایەتی کردن بە شێوازێکی جوان و لەبار فێری مناڵەکانیان دەکەن.

**گرووپی سێهەم:** ئەم ژنانە ژنانێکی خاوەن کارن کە بە هۆی نەبوونی هاوسەر جا بە هەر هۆیەک بێ «جیا بوونەوە، مردن



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

یان زیندانیی بوونی هاوسەر» ، بۆخۆیان ئەرکی دابین کردنی خەرجی بنەماڵەیان لەسەرەوە لە یەک کاتدا سەرقاڵی بەڕێوە بردنی کارەکانی نێو ماڵ و دەرەوەی ماڵن و هیچ چارەیەکی تریش شک نابەن. ئەم دەستە لە ژنان، دەوری ژن و پیاو بە یەکەوە دەگێڕن، ئەم ژنانە کە وەها بەرپرسایەتییەکی گرینگ و مەترسیداریان لەسەر شانە، ئەگەر پشتیوانی پیشەیی و کۆمەڵایەتیشیان لێ نەکرێ، بێ گومان تووشی خەسارو زیانی قەرەبوو نەکراو دەبن.

سوودەکانی کار کردنی ژنان چیە؟:

لەتوێژینەوەکان دەری دەخەن کە ژنانی خاوەن کار و پیشە کەمتر لەم ژنانەی کە تەنیا ماڵداری دەکەن تووشی شەڕو نێوان ناخۆشی دەبن. زۆربەی ئەم ژنانە کەسانێک وەک هاوسەری ژیانیان هەڵدەبژێرن کە لە بواری بیر و بۆچوونەوە لێک نزیکتر بن و باشتر لێک تێ بگەن. ژنی ماڵەوە ئەم چاوەڕوانیەی هەیە کە هاوسەرەکەی قسەی لەگەڵ بکا، بەڵام پیاوەکان بە گشتی پاش تێپەڕ کردنی ڕۆژێکی پڕکار کە زۆریش هیلاکی کردوون، توانای قسە کردنی زۆریان نیە، بەڵکوو پێیان خۆشە لانی کەم بۆ ماوەیەک لە بێدەنگی دا پشوو بدەن.

ئەمڕۆکە ژنانی فەرمانبەر کە ناچارن زۆربەی کاتەکانی خۆیان بۆ کارو ئیشی دەرەوەی ماڵ دابنێن، پێویستیان بەوە نیە کە بۆ گفتوگۆ کردن فشار بۆ پیاوەکانیان بێنن، سەرەڕای ئەوە کاتێک ژنان لەگەڵ هاوسەرەکانیانن، قسە کردن بۆ پیاوەکان ئاسانتر دەبێ. ژنی خاوەن پیشە دەتوانێ لە بابەت ئەم بابەتانەی کە لە ماوەی ڕۆژدا بۆی دێتە پێشێ وەک (قەرەباڵغ بوونی سەر شەقامەکان و ترافیک، گەرم بوونی کەش و هەوا، کاروباری ئیدارە و بارودۆخی هاوکارەکانی..) لەگەڵ هاوسەرەکەی قسە بکا، چونکی ئەویش بۆخۆی لە دەرەوەی ماڵ ئیش دەکا و بە تەواوی لەم هەمووە فشار، نیگەرانی و شکست و سەرکەوتنەکانی شوێنی کار ئاگادارە، هەر بۆیە ئەم جۆرە ژن و مێردانە خاڵی هاوبەشیان زۆر هەیە کە بیانهەوێ قسەی لەسەر بکەن و بە تامەزرۆییەوە گوێ بۆ قسەی یەکتر ڕادەگرن. سەرەڕای ئەوەش هەرچەند پیاو لە ئیشەکانی ناو ماڵ و کاروباری مناڵەکاندا زیاتر هاوکاریی هاوسەرەکەی بکا، زیاتریش لە کیشە و گرفتەکانی ئەو تێ دەگا.

ژنانی فەرمانبەر سەرزیندووترو لەشساغترن، هەروەها زیاتر لە بەر دڵانن، توێژینەوەکان دەریان خستووە ئەم ژنانەی کە هاوکات ئەرکەکانی هاوسەریەتی، دایکایەتی و شوغڵی خۆیان جێبەجێ دەکەن، زۆرتر هەست بە دڵخۆشی دەکەن و بڕوایان بە خۆیان زیاتر دەبێ و ژیانیان بەلاوە خۆشتر دەبێ. دەروون ناسان ئاگادارمان دەکەنەوە کە ئیش نەکردن، لەسەر هەموو لایەنەکانی ژیان شوێنەواری خراپ دادەنێ. لێکۆڵینەوەکان ئاشکرایان کردووە کە ئەم ژنانەی کە بە تەنیا خۆیان بەئیشی ماڵەوە سەرقاڵ دەکەن، لەچاو ئەم ژنانەی کە لە دەرەوەی ماڵیش کاریان هەیە، زیاتر تووشی دڵەڕاوکێ و نیگەرانی دەبن و هەستی بە ناخۆشی و نائارامی دەکەن. بەڵام ژنانی خاوەن کار لە هەموو تەمەنێکدا لە بواری جەستەییەوە لە ژنانی ماڵدار تەندروستیان باشترە. ئەم ژنانە لە ماوەی ژیانی خۆیاندا کەمتر کاتی وایان هەیە کە هەست بە نەخۆشی وخەمۆکی بکەن. بەم پێیە کەمتریش نەخۆش دەبن و زۆرجار هەست بە سلامەتی دەکەن.

ژنانی ماڵدار کەمتر هەست بە لەشساغی دەکەن و مناڵەکانیشیان کاتێک کە دێنەوە بۆ ماڵ، زۆرجار دایکەکانیان بە خەمۆکی و نەخۆشی دەبینن. ئەوە لە حاڵێکدایە کە ژنانی خاوەن کار، لەچاو ژنانی ماڵدار گیروگرفتی دووگیانی و مناڵ بوونیشیان کەمترە. بۆ نموونەش دەکرێ ئاماژە بە نێو ژنانی گوندنشین بکەین کە چالاکیان لە ژنانی شار زیاترە.

کاتێک کە مناڵەکان گەشە دەکەن و دایکەکانیان هەوڵ دەدەن بابەتی زانستی و مەسەلە ئەخلاقیەکانیان فێر بکەن، دەبینین ئەم دایکانەی فەرمانبەرن لەم بوارەوەشە لە دەستەکەی دیکە سەرکەوتووتر دەبن، ئەم مناڵانەی کە دایکەکانیان لە دەروەی ماڵ کاریان هەیە زووتر و باشتر پشت بە خۆیان دەبەستن.

ژنانی خاوەن کار لە پێوەندیە سۆزداریەکانیشدا لەگەڵ هاوسەرەکانیان سەرکەوتووترن، ئەوان پێیان


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



وایە هیچ شتێک ناتوانێ زیاتر لە سۆزو خۆشەویستی دەربڕین بەرامبەر بە هاوسەرو منالەکانیان دڵخۆشیان بکا.

**بەڵام ئایا کار کردنی ژنان لە دەرەوەی ماڵ هیچ زیانێکی بۆ ئەوان نییە، ئەگەر هەیەتی کامانەن؟**

سەرەڕای گشت ئەم سودانەی کە ئاماژەمان پێ کردن، کار کردن لە دەرەوەی ماڵ دەتوانێ زیان گەلێکیشی هەبێ، بە تایبەت ئەگەر ژنی فەرمانبەر نەتوانێ لە نێوان کاری دەرەوە و ماڵەوەدا هاوسەنگی پێک بێنێ. زۆربەی ئەم پیاوانەی کە پێیان خۆش نییە ژن لە دەرەوە کار بکا، پێیان وایە کار کردن لە دەرەوەی ماڵ، ژن هیلاک دەکاو لە ناوی دەبا، کەوابوو ئەو ناتوانێ بە هێزو توانای پێویستەوە، خەریکی کارەکانی ماڵەوە بێ. لە لایەکی ترەوە، کار کردن لە دەرەوەی مال دەبێتە هۆی ئەوەی کە ژن، تاقەت و توانای نەبێ کە لەگەڵ هاوسەرو منالەکانی قسە بکاو ئەمە دەبێتە هۆی دوور کەوتنەوەی خێزانەکە لە یەکتر. پەروەردە کردنی منالّ لە شوێنێکی دوور لە ماڵ و لە نێو کەسانێکی نامۆدا، «وەک دایانگە یا ماڵی خزم و کەوەس»، یەکێکی دیکە لە زیانەکانی کار کردنی دەرەوەی ژنان لە دەرەوەی ماڵە. منالّ بە جێگەیئەوەی کە لە داوێنی دایکدا پەروەردە بێ، لە شوێنێکی نامۆو لە وانەیە زۆر جیاواز لەگەڵ ماڵ گەورە بێ و بە شێوەیەک پەروەردە دەبێ کە بە دڵی دایک و باوک نیە.

هێندێکی دیکەش رایان وایە کە کار کردن لە دەرەوی ماڵ، لێهاتوویی ژنان لە کارەکانی ناوماڵ، وەک کابانیەتی، دروومان و کارە هونەریەکانی تر کەم دەکاتەوە. ژنانی فەرمانبەر زۆرجار کاتی ئەوەیان نییە کە لەگەڵ هونەرەکانی ماڵداری ئاشنا بن و هێندێکجار تەنانەت بە پێویستیشی نازانن.

بە هەمان شێوە کە باسمان کرد ئەم زیانانەش دەتوانن داوێنی ئەم ژنانە بگرن کە لە دەرەوەی ماڵ ئیش دەکەن و ناتوانن لە نێوان کارەکانی ماڵەوە و دەرەوەیان هاوسەنگی پێک بێنن.

بۆشایی پشتگیری کردن:

**کارناسێک دەڵێ: هەروەک دەزانین ژنان کاتیان بۆ کار کردن لە دەرەوە کەمترە، هەربۆیە خاوەن کارەکان پێیان خۆشە بەشوێن هێزی پیاوان دا**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**بگەڕێن، چونکە لە کۆمەڵگای سوننەتیی ئێمەدا کە ئەرکی دایکیەتی و هاوسەریەتی، لە ئەولەڤیەت دایە، پیاوان وەک نان هێنەری سەرەکی دەژمێردرێن، بۆیە ژنان لە پلەی دووهەمی کار کردن لە دەرەوەی ماڵ داندراون.**

ئەم کارناسە لە حاڵێکدا کە زۆربەی دواکەوتووییەکانی بوارە کۆمەڵایەتیەکان بۆ روانگەی سوننەتی دەگەڕێنێتەوە پێی وایە ئەمە تاوانی خودی ژنانیشەو دەڵێ:

زۆربەی ژنان زیاتر گرینگی بە ڕۆڵ و دەورە سوننەتیەکانیان دەدەن و تەنانەت هێندێکیان لە بەرامبەر کارەکەی خۆیان لە دەرەوەی ماڵدا هەست بە تاوان دەکەن و پێیان وایە لە بەرابمەر ڕاپەڕاندنی ئەرکەسەرەکییەکانی خۆیاندا کەمتەر خەم بوون. لەحاڵێکدا کە پێویستە ئەم مەسەلەیە لە کۆمەڵگادا جێ بکەوێ و ببێتە فەرهەنگ کە دەبێ بە ڕوانگەی ڕەگەزییەوە سەیری کار و شوغڵی دەرەوەی ماڵ نەکرێ و هەر تاکێک وەک هێزێکی مرۆڤایەتی لە بازاڕی کاردا شوێن دانەر بێ و خزمەت بە کۆمەڵگا بکا، نەوەک مۆرکی ژن یا پیاوی لێ بدرێ.

ڕێگە چارەکان کامانەن؟:

ئەگەرچی ئامانجی زۆربەی ژنانی خاوەنکار ڕوون نەبۆتەوە، بەڵکوو زیاتر لە خزمەت ئاسایش و گەشە کردنی هزری بنەماڵە دایە، بەڵام ئەوان هێندێک جار، لەگەڵ قەدر نەزانینی هاوسەرو شەریکی ژیانیان بەرەوروو دەبنەوەو شوێنەواری باشی کار کردنیان زۆر جار وەبەر چاو ناگیرێ.

**دەروونناسێک دەڵێ: ژنانی خاوەن پیشە، هەنگاوگەلێکی گرینگ بۆ گەشەی کۆمەڵایەتی هەڵدێننەوە. لە تاوتوێ کردنی جیاوازییەکانی نێوان ژنێکی خاوەن پیشە لەگەڵ ژنێکی ماڵدار دا زۆر بە ئاسانی جیاوازی نێوان ڕوانینی کۆمەڵایەتی و کاریگەر بوونی ئەم ژنانە لەسەر دەوروبەرمان بۆ دەردەکەوێ.**

ئەم کارناسە پێی وایە یەکەمین ڕێگەچارەی ئەم کێشەیە، گفتوگۆو وتووێژ کردنەو دەڵێ:

پێویستە ژنان بوێرانەو بە بڕوا بەخۆبوونەوە لەگەڵ هاوسەرەکانیان قسە بکەن و هاوسەرەکەیان تێ بگەیەنن کە سەرنج بداتە ئەم بارودۆخە تایبەتەی کە ئەوی تێدایە، تا بتوانێ پشتیوانی لێ بکا. بە دڵنیایی وتووێژێکی هێمنانە دەتوانێ کاریگەریەکی باشی هەبێ.

دووهەمین ڕێگەچارە ئەوەیە کە ژنان بڕوایان بە تواناکانی خۆیان هەبێ:

پێویستە ژنان هەستی پشت بەستنی رووحی و هزری وەلا بنێن و بڕوا بە خۆیان بکەن و وەک هاوسەرو دایک لە ماڵدا، جیا لە سەرچاوەی شوێنەواری ماڵی، کاریگەری لەسەر کردەوەکانیش دابنێن، پێویستە ئەوان بڕوایان بە خۆیان هەبێ، بەڵام هیچ کات ئەم مەسەلەیە بە چاوی کەس دانەدەنەوە.

سێهەمین ڕێگەچارە ئاڵوگۆڕ پێکهێنان بە سەر ڕەفتار دایە:

سێهەمین مەسەلە، گۆڕینی هەڵسوکەوتێکە کە شوێنەواری خراپ دادەنێ. هێندێک جار ژن وا نیشان دەدا کە هاوسەرەکەی پشتی بە ئەو بەستووە. ئەم مەسەلەیە دەبێتە هۆی ئەوەی کە هاوسەرەکەی بەرگری لە خۆی بکا کە ئەمەش زیان بە بناغەی ژیانی بنەماڵە دەگەیەنێ.

لە کۆتایشدا:

پێویستە ژن سۆز و خۆشەویستی خۆی بە راشکاوی دەرببڕێ. ئەگەر پیاوێک ببینێ سەرەڕایئە وەیکە لە هاوسەرەکەی دەرەوەی ماڵ کار دەکا، بەڵام بە هیچ شێوەیەک لە ڕادەی خۆشەویستی نێوانیان کەم نەبۆتەوە، ئەویش دەزانێ کە پێویستە لە بەرامبەردا هاوکاری بکا تا ژیانیان شیرنتر بێ. جیا لەوەش ژنان دەتوانن بە دابەش کردنی ئەرکەکانی ناومال لە نێو منداڵەکان و یارمەتی وەرگرتن لە هاوسەرەکەیان، شێوازی دروستی ژیان فێری منداڵەکان بکەن و لە سێبەری ئەم لێک تێ گەیشتنەدا، بۆخۆشیان هێندێک بحەسێنەوە. بەم شێوەیە ژن دەتوانێ وێڕای بەڕێوەبردنی ئەرکەکانی خۆی لە ناو بنەماڵەو کۆمەڵگادا، پێش بە دژایەتی کردنی ئەم ڕۆڵ و دەورانە بگرێ و لە کارەکانی خۆشی دا سەرکەوتوو بێ.


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# هەڵاواردنی ڕەگەزیی لە کتێبەکانی خوێندنی قۆناغی سەرەتایی لە ئێراندا



وەرگێرانی: شلێر محمودی

ئەم بابەتە بەشێکی کورتکراوەی لێکۆڵینەوەیەکی دوورودرێژە کە ژمارەیەک لە توێژەرانی سەربەخۆ ئەنجامیان داوە تاکو هەیکەلەی ڕەگەزی لە کتێبەکانی خوێندنی دەورانی سەرەتایی لێکبدەنەوە. لە لێکۆڵینەوەکە دا هەیکەلەی ڕەگەزی بۆ پێنج کتێبی لێکۆڵینەوەی سەرەتایی ساڵی خوێندنی ١٣٩١ – ١٣٩٢ خوێندنەوەی بۆ کراوە. بەشی سەرەکی لێکۆڵینەوەکە تیشکی خستۆتە سەر نێوئاخنی تێکستەکانی ئەم کتێبانە و لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە. لێکدانەوە و دەربڕینەکانی کە گرفت یا نایەکسانی ڕەگەزی دەخاتە ڕوو، لە نێوەڕۆکی کتێبەکان دەرهێنراون و بە ناونیشانەکانی وەک ڕۆڵ و چالاکی تاک، ڕۆڵ و چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان و گروپ، ڕۆڵ و چالاکییەکانی خێزان، شوێن، کار و نرخ (بەها) جیاکراوەتەوە و لێکدراوەتەوە و هەر ناو ونیشانێکیان کە بە ئاشکرا یا بە نادیار نایەکسانی تێدا بەرچاو دەکەوێت لێکدانەوەی بۆ کراوە. لە بەشی دوەم دا نێوەڕۆکی کتێبەکان لە ڕووی بینین و تایبەتمەندییەکانی جوانبینی لێکدانەوەی بۆ کراوە تاکو لە ڕووی وێنە و هێما واتایان نیشان بدرێت، کە چۆن گرفتە ڕەگەزییەکان لە چوارچێوەی وێنە دا دووبارە دروست دەکرێنەوە. لەم ڕووەوە دوو خاڵ مایەی سەرنجدانن، یەکەمیان، ئەوەی کە چالاکی و جوڵەی پیاوان بەراورد بە ژنان زیاتر ڕەنگی داوەتەوە و بەرجەستەترە، پیاوان ڕێگایان دراوە کە کاری پڕ لەجوڵە و هەڵە و خۆشحاڵکەر ئەنجام بدەن، وەک سەرکەوتنە سەر دار، ماتۆڕ سواری و مەلەکردن و ... ، بەڵام ژنان بەگشتی لەحاڵی ئەنجام دانی کاری سادەی دوور لە جوڵە وەک ڕستن و چنین دەبن. خاڵی دووەم ڕۆڵی تاکەکەس (ئازادی تاکەکەسی) لە چوار چێوەی تاک یا کۆمەڵ پیشان دەدرێت، پیاوان ڕۆڵێکی زیاتر (باڵاتر) دەبینن و ژنان لەم چوارچێوەیە دا بەشێوەی کۆمەڵ و بەتەنها بینینیان سنوردار کراوە. سەبارەت بە ڕۆڵەکان و چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان و گروپییەکان زۆر بەڕوونی دیارە کە ئەم ڕۆڵانە بە شێوەی گونجاو و یەکسان لەنێوان ژنان و پیاوان دا دابەشنەکراون. بەجۆرێک کە پیاوان ڕۆڵ و چالاکیان جۆراو جۆر و بەرفراوانە لە شوێنە جیاوازەکانی کۆمەڵگادا، بەڵام ڕۆڵی ژنان لە نێو ماڵ (ماڵداری) و کەلتوری دا زیاتر دەبینرێت. ئەگەر لە دەرەوەی ماڵیش ڕۆڵ (دەور) ببینن، ئەوا ڕۆڵێکی سادە و تەواوکەری کاری پیاوانە ، بۆ نموونە پیاوان دەوری پۆلیسی هاتوچۆ و ژنانیش یاریدەریانن. گرفتێکی تر پەیوەندی دارە بە ڕادەی توشبوون بە ڕوبەڕووبونەوەی مەترسی و هاوسەنگی ئازادیە، بەڵام گرینگی ئەو ڕۆڵانە بە ژنان بەرچاو ناکەوێت، خاڵێکی تر بریتییە لە هاوسەنگی هێز یا فەرمانبەری و فەرماندەرکردن. لە کتێبەکان دا پیاوان ڕۆڵی کەسانی بەهێز و فەرماندەر دەبینن. وەک پاشا و کوێخا و ڕیشپی و خان. بەڵام ژنان لەم ڕووەوە بێتوانا و بەجێبەجێکاری فەرمان دەردەکەون، ژنان زیاتر ڕۆڵی ماڵداری دەبینن. ژنان لەکاروباری نێو ماڵ، وەک ئاگاداربوون لە منداڵ، ئامادەکردنی خواردن و پاک و خاوێنی دەکەن. لەبەرامبەر دا پەیداکردنی نان و ژیان لە ئەستۆی پیاوان دایە، کە بەرپرسیاریەتی خێزانی بەدواوە دەبێت. ئەو پیاوانەی کە ئیشی ماڵیش دەکەن، کاری ماڵ تایبەت دەبێت بە دەرەوەی ماڵ، وەک بازاڕکردن یا کارێکە کە پێویستی بە هێزی جەستەیی دەبێت. لەکاروبارێک دا کە پیاوان ڕۆڵی پەروەردەیی دەبینن جیاوازی ڕەگەزی دەبینرێت. سەبارەت بە شوێن و کار لێکۆڵینەوەکە دەری دەخات کە ژنان لەشوێنی ئەمین و سەرداپۆشراو دان، ئەگەر لە شوێنی تر (سەردانەپۆشراو) دا دەربکەون ئەوا لەگەڵ کەسێکی تری خێزان یا کەسی تر دان، وەک ئەوەی لەکاتی بازاڕکردن یا بردنی منداڵان بۆ خوێندنگاکان دا. ژنان لە شوێنی پڕ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



لەیادەوەری یا مەیدانەکانی شەڕ یا بۆشایی ئاسمان(فضانورد) دا نابینرێن. ئەو ڕۆڵانەی پیاوان دەیبینن کارهایەکن کە پێویستی بەهۆش و توانایەکی زۆر هەیە، وەک ئەوەی دەبنە زانای ئەتۆمی، یا کەشتیوانی ئاسمانی، ... . هەر لە نێوەڕۆکی کتێبەکانەوە لە ڕووی بەهاوە دەردەکەوێت کە کاروباری ژنان دیارە بەجێگەیاندنی یاساکان بایەخدار و بە بەهاوە سەیر کراون، بەڵام زیادەمەسرەفی و زیاد داواکردن بێ بەها سەیر کراوە. بەڵام بەهای ڕۆڵی پیاوان هەم دنیایی و هەم مەعنەویی وەک ئازایەتی و زیرەکی، تێکۆشان، زانایبوون، قارەمان سیفەتەکانی وەک پیاو بوون، هاووڵاتی بەهایەکن پیاوان بەدوای دا وێڵن. لەڕووی وێنەو هێڵکارییەوە و تەکنیکی وێنەکێشان جارێکی تر نایەکسانی ڕەگەزی بەدیاردەکەوێت. لەو وێنانەی تایبەتمەندن بە ژنان و کچان ((ئەناتۆمی)) سروشتی جەستەیان پێشان نادرێت. بۆ نموونە دانیشتنی کچان زۆر بە فەرمی وێنە کێشراوە، بەجۆرێک کە پێیەکانیان دەرنەکوتووە، یان وێنە لە باری ڕاکردن یا ڕۆیشتنی ئاسایی بۆ کچان نابینرێت. لەکاتی بەجیگەیاندنی کار و بار دا دەستەکانیان کراوە نین. ئەگەر لە وێنەکە دا کچێک و کوڕێک ببینرێن ئەوا کوڕان لە پێشەوە دەبینرێن و کچان دەکەونە دواوە و بچوکتر دەبینرێن. لە هەندێک حاڵەتی کەم دا نەبێت کە کچ لەپێش کوڕ دایە، ئەویش لەبارێک دایە کە بەتەمەنتر دەبینرێت. لەڕووی وێنەی کچان و ژنانەوە دەردەکەوێت کە بەشەکانی دەم و چاویان ( چاو و لووت و ددانەکان ) هیچ جۆرە جوانکارییەکی تێدا بەدی ناکرێت، لەکاتی پیکەنین دا بەردەم ددانەکانیان بەهۆکاری جیاواز داپۆشراوە و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وێنەیەکی ڕاستەقینە و دڵخۆشی و پڕ لەوزەیان شاردراوەتەوە و نابینرێت. لەکاتی وەستانیان دا بەشەرمەوە دەردەکەون، وەک ئەوەی سەریان بەرەو خوارەوە، چاوەکانیان داخراون، سەیرکردن ڕووەو خوارەوە، بەڵام لە کوڕان و پیاوان دا وێنەی دەم و چاویان بەتەکنیکی زۆر بەرز و زۆر بە وردی بەشەکانی دەم و چاویان بەجوانی نیشان دراوە. لە بەشێکی تری وێنەکان دا دەبینرێت کە بۆ هەندێک لە چالاکییە جەستەییەکان یا لێکۆڵینەوەی پەیوەندیدار بە فکر و بیر پیاوان و کوڕان هەڵبژێردراون. لە بابەتەکانی وەک ( با بیربکەینەوە یان توێژینەوە بکەین ) لە کوڕان و لە بابەتەکانی تری وەک ( بۆلەبەر کردن (حفظ کنیم) یان گفتوگۆ کردن) دا لەکچان کەڵک وەرگیراوە. هەر لە وێنەکان دا دەردەکەوێت کە پیاوان لە شوێنە گشتییەکان دا (پارک) و سەر شۆستە و پیادەڕەوەکان دا لە شوێنی گرنگ و سەرەنج ڕاکیشتر دا بینراون، لەکاتێک دا ژنان و کچان خەریکن بە خوێندنەوەی کتێبێک لە چوارچێوەیەکی نیوە کەسی دا.



ئەنجامی توێژینەوەکە:

ئەو توێژینەوەیە دەریدەخات کە نە تەنها لە دەق و نێوئاخنی کتێبەکانی خوێندنی سەرەتایی دا، بەڵکو لە هێڵکاری و وێنە بڵاوکراوەکانیش دا، کچان و کورانی ئەمڕۆ کە ژنان و پیاوانی داهاتووی کۆمەڵگای ئێرانن، بە شێوازی جیاواز نیشان دراون. ئەرک و بەها و ڕۆڵی ژنان و کچان جیاوازییەکی زۆری هەیە لەچاو پیاوان و کوڕان. ئەم وێنە و دەقانەش لەبری ئەوەی چانس و ئیمکاناتی چونیەک بۆ کوڕان و کچان لە کۆمەڵگادا بێنێتەدی، وێنەیەکی پڕ لە شەرمەزاری، دورەپەرێزی و سستی ژنان و کچان دەخاتە بەردەم منداڵانی نوێخواز. نیشاندانی ئەو وێنانە لە ژنان و بەش و ڕۆڵیان، ڕێگر دەبێت لەبەردەم چالاکییە گشتییەکانیان و تایبەتییەکانیان، بۆ منداڵانی کچ و بۆ منداڵانی کوڕ خراپ و زیانبەخش دەبێت. ئەم بینینە ڕەگەزییە ئەگەر لە بیرو هۆشی منداڵانی کچ دا بڵاو و بەردەوام بێت، ئەوا هەستی لاوازیی و ناشایستەبوونیان تێدا بونیات دەنێت، ئارەزووەکانیان کەمدەکاتەوە، بواری کرداری و کۆمەڵایەتییەکانیان سنوردار دەکات. ئەگەر ئەم ڕوانینە ڕەگەزییە لە بیرو هۆشی منداڵانی کوڕ دا بچەسپێت و شوێن دابنێت، ئەوا ئەوان دەکەونە هەڵەیەکی بێبەهای ڕەگەزی دڵخۆشکەرەوە، کچان و ژنان بەداخراوی دەبینن و لە هەڵسوکەتکردن لەگەڵیان دا لەڕووی هێز و دەسەڵاتەوە توشی ناکۆکی دەبن. ئەمەش بەتەنها کار ناکاتە سەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتیی و کلتوری و ... بەڵکو هۆکارێک دەبێت بۆ جیاوازی نێوان دوو ڕەگەز، چارەنوس وپیرۆزی کۆمەڵگای ئەمڕۆ و داهاتوو دەخاتە بەردەم بەربەستی زۆر گەورە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چیرۆک

# چاوە پڕ ئەسرینەکانی پەپوولە



نووسین:شاناز کاکە ئازەر

ژاکاو لە سووچێکی ژوورەکە زۆر بەکزی دانیشتبوو و لە حاڵێکدا دەستی خستبووە ژێر چەناگەی و چاوی بڕیبووە کۆرپە تاقانەکەی کە بێ ئاگا لە خەم و پەژارەکانی دایکە چارەڕەشەکەی ، لە شیرین خەودا بە نەرمی هەناسەی دەدا. هەرکە چاوی بە برینی سەر لووتی مناڵەکە کەوت هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا. هەر دوێنێ بەیانی بوو ئەو پیاوە دڕندەی کە بەناو باوکی مناڵەکەی بوو، بە هەوای مەستی و سەرخۆشی، زۆر بێبەزەییانە ئەم مناڵە بچووکەی وەبەر مست و پێلاقە دابوو. لەو کاتەدا ژاکاوی چارەڕەش مناڵەکەی بردبوو تا خوێنی سەر دەموو لووتی بۆ پاک بکاتەوە، بەڵام پیاوەکە هەر لە جێدا پەلاماری ئەویشی دابوو و لە ژێر ڕەگباری مست و پێلاقەدا تف بارانی کردبوو و لە کاتێکدا چاوەکانی وەک گۆمی خوێن سوور هەڵگەڕابوو بە دەنگێکی پڕ لە قین و تۆقێنەر پڕ بە گەروو هاواری کردبوو: «تەنیا بۆ ئەشکەنجەی رووحیی تۆ لەم مناڵە بێ تاوانە دەدەم. چونکی دەزانم جەرگت ژان دەکا، ئاوا بەرەبەرە و بە ئەشکەنجە دەتکوژم.» باشە ئاخر بە کام تاوان؟ تۆ بڵێی تاوانی ئەم مناڵە بێ گوناحە کە هێشتا تەمەنی نەگیشتبووە دوو ساڵانیش چی بێ کە دەبوو ئاوا بێ بەزەییانە لەگەڵی بجووڵێنەوە؟

ژاکاو لە بەر خۆیەوە بیری لە ڕێگەچارەیەک دەکردەوە. ئاخر تاکەی ددان بە جەرگی خۆیدا بگرێ؟ لەماوەی ئەم چوار ساڵەدا ئەوەندەی نەهامەتی و چارەڕەشی چێشتبوو کە چی دیکە هیوای بەژیان نەمابوو. لە ماڵێکدا دەژیا کە زیاتر وەک مەیخانە، قومارخانە، یان بەندیخانە دەچوو ، ئەویش تەنیا دیلێک بوو کە بە شێوازی سەدەکانی ناوەڕاست هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکرا. زیندانییەک بوو کە تەنانەت مافی هەڵدانەوەی پەردەکانی زیندانیشی نەبوو. سەرەڕای ئەم هەموو بێگارییە کە لێی دەکێشرا، ڕۆژ نەبوو سووکایەتی پێ نەکرێت و بە دڕندانەترین شێوە نەدرێتە بەر لێدان و کوتان و ئەشکەنجە نەدرێت.

بیری لە هەر ڕێگەیەک دەکردەوە لێی ناهومێد دەبوو، چونکی پێشتر تاقی کردبۆوە، بەڵام هیچ ئاکامێکیان نەبوو، چەندین جار پەنای بۆ ماڵی باوان بردبوو، جاری وابوو سێ چوار مانگیش لەوێ مابۆوە، بەڵام کام ماڵی باوک؟ دایک و باوکێک کە تەنیا بیروڕای کوڕەکانیان بەلاوە گرینگ بوو و بە هیچ شێوەیەک لە قسەیان دەرنەدەچوون. جگە لەمانەش مەگەر هەر ئەم دایک و باوک و برایانە نەبوون کە ئەم ژیانەیان بۆ هەڵبژاردبوو؟! تەنیا لە بەر ئەوەی کە ساماندارەو خاوەن موڵک وماڵ و سەیارەو لە هەمووان گرینگتر پارەی زۆرە. باش بوو ئەوانیش لەسایەی ئەم خزمایەتیە جاروبار بە بیانووی قەرز برە پارەیەکیان دەست دەکەوت. ئیتر ئەمە بەلایانەوە گرینگ نەبوو کە ئەم پیاوە گیرۆدە بە مادە هۆشبەرەکانەو وەک ئاوی حەیات خواردنەوە ئەلکۆلیەکان بە پێویستی ژیان دەزانێ و هەر جارەو لە ئامێزی ژنێک دایە. سەرەڕای ئەمانەش نەخۆشی دەروونی هەیەو بە دڵپیسی و خانەگومانیی خۆی ژیانی لە بنەماڵەکەی تاڵ کردوە. ژاکاو لەبەر خۆیەوە دەیگوت چی بکەم تا لەم دۆزەخە ڕزگار بم؟

ئێوارە درەنگان بوو، ژاکاو هیلاک لە بێگاریی ڕۆژانە خەریکی ئامادە کردنی خواردنی شەو بوو، دیوەزمەی ماڵ لە حاڵێکدا شووشەی لێوالێو لە ویسکی لەپێش خۆی دانابوو و پێک بە پێک بە سڵامەتی ئەجنەکان پێی دادەکرد، لە حاڵێکدا کە سێ چوار سەرین لەبن باڵی بوو، لەسەر لا کەلەکەیەک بۆی کەوتبوو و لەبن لێوان جنێوی دەدا. کەشێکی مات و تەماوی سێبەری بەسەر ماڵەکەدا کێشابوو. ژاکاو چاوەڕوانی ئەم کارەساتە بوو کە هەمیشە لەو کاتانەدا ڕووی دەدا.....



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ژاکاو چوو بۆ دیوەخان تا مەجوعمەی خواردن لە پێش کوێخای ماڵ لابەرێت، چێشتەکە دەستی لێ نەداربوو و هەر وەک خۆی مابۆوە، لە کاتێکدا کە دەستی دەلەرزی مەجوعمەکەی لابرد، لەدڵدا لەبەر خودا دەپاڕایەوە کە ئەمشەوە بەخێر تێپەڕ بکا، ئاخر ماوەیەک بوو لەسەر شتی هیچ و پووچ بیانووی پێ دەگرت و وەبەر مست و پێلاقەی دەدا، بە تایبەت لەو کاتەوە «لەیلا» ناوێک وەخت و بێ وەخت پێوەندی بە ژمارە تەلەفوونەکەی ماڵەوەیان دەگرت. ژاکاو هەر سات چاوەڕوان بوو کە بە دار، لەتکە سۆندە، قایشی شاڵوارو .... پەلاماری بکرێتە سەرو وەک هەمیشە جێگای ساغ لە لەشی دا نەمێنێ. بەڵام ئەمشەو بارودۆخەکە مەترسیدارتر لە پێشوو بوو، وەک چۆن بەر لە هەستانی تۆفان کەناری دەریا لەو پەڕی هێمنایەتی و ئارامیدا دەبێ، ئاخر ئەمشەو ویسکییەکی ئێجگار زۆری خواردبۆوە. لە ناکاو کەوتە بیری مناڵەکەی، بەپەلە شووشە مەمکەکەی دا بە دەستی و بردی بۆ ژووری خەوتن، کاتێک لە مناڵەکە دڵنیا بوو کە خەوی لێ کەوتووەو نایەتە بەر دەست و پێیان و مەترسی لێدانی لەسەر نامێنێت، دەرگاکەی لەسەر داخست و بەرەو قاپ و کەوچک شۆردن وەڕێ کەوت. لاقی تەواو نەگەیشتە نێو هاڵەکە کە دوو دەستی گەورە چووە ناو قژییەوەو لە پشتەوە رایکێشاو بەدیواری دادا. دەتگوت دەمێکە چاوەڕوانییەتی. سەیر بوو ئەم جارەیان هیچ خەبەرێک لە دارو شیلانگ و قامچی نەبوو. بەڵکوو ئەوجار ئاسنێکی گەورەو قورس «لوولەی گەسکی کارەبایی» ببوو بە ئامرازی ئەشکەنجەو بەر تەواوی ئەندامانی لەشی دەکەوت. ئەوەندەی ئاسن وێکەوتبوو کە چاوی هیچی نەدەدیت. ئەمجارەیان شتێکی زۆر سەیر بوو، قەت ماوەی ئەشکەنجە کرانی ئەوەندە دوورو درێژ نەببوو، هەروەک سلوولە تاکە کەسییەکانی زیندان دەچوو، ئەم شوێنەی کە خەڵک بە تاوانی جۆراوجۆر لەوێ ئەشکەنجە دەدرێن تابە ناچار دان بە تاوانەکانیان دابنێن. ئەم دۆخە ماوەی نزیک بە سێ کاتژمێر بەردەوام بوو، بەڵام هەرچەند هاواری دەکرد کەس بە هانایەوە نەدەهات، دەتگوت لە چۆڵگەیەکەو هیچ مرۆڤێکی لێ نیە، دەتگوت خوداش پشتی تێ کردووەو هاوارەکانی نابیسێ. ژاکاو لەبەر خۆیەوە دەیناڵاندو لەگەڵ خودا نزای دەکرد. بەڵام ئەم ستەمکارە دڵی نەرم نەدەبوو و هەروا ئاسنی دەوەشاندو لە کاتێکدا ئاوی ساردی بە دەمووچاوی دادەکرد تا لە هۆش خۆی نەچێ، داوای لێ دەکرد دان بە ناپاک بوون و پێوەندی گرتن لەگەڵ پیاوێکی بێگانەدا بنێ. زۆر سەیر بوو، یانی ئەم پیاوە تا ئەو راددەیە نامرۆڤ و بێ ویژدان بوو کە دەیهەویست ئەم بوختانە قێزەونەشی پێبکا؟ تا ئێستا کەمی بەڵای دیکە بەسەر هێنابوو کە ئەمجار نۆرەی ئەو بەزمە بوو؟!. بەڵام ژاکاو بەهیچ شێوەیەک ئامادە نەبوو لە پێناو رزگار کردنی گیانیدا ئەم رووڕەشییە قەبووڵ بکاو تاوانی نەکردوو وە ئەستۆ بگرێ.

بە هەر شێوەیەک بوو ئەم شەوە ڕەشە کۆتایی پێ هات. دەنگی سیگناڵێکی توندو گوێ رووشێن مناڵەکەی لە خەو راچڵەکاندو وای لێ کرد بە خێرایی خۆی لە باوەشی دایکی بهاوێت کە بە نیوەگیانی لە کونجێکی ژوورەکەدا کەوتبوو. ژاکاو بەبێ هێزی چاوە شین هەڵگەڕاوو هەڵماسراوەکەی هەڵێنا. هەر دەتگوت جەستەیەکی بێ گیانە. بۆخۆشی نەیدەزانی ماوە یان مردووە. بەڵام جووڵەی مناڵەکە کە بە توندی ئامێزی





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پێداگرتبوو و زامەکانی دەکولاندەوە، وای لێ کرد هەست بە زیندوو بوون بکا، لەوکاتەدا ڕووداوە ڕەشەکەی شەوی ڕابردوو وەک پەردەی سینەما بە مێشکیدا هاتوو ڕۆیشت.

ژاکاو گوێی لە دەنگێک بوو کە دەیگووت:

خۆ دەزانم هیچ تاوانێکی نیە! بەڵام ئەگەر هیچ بەڵگەیەکم نەبێ دەبێ هەموو مارەییەکەی بدەمێ. لەوەش دەترسم مێشکی خوێنڕێژی کردبێ. واباشترە هەرچی زووە بیبەمەوە بۆ ماڵی باوکی، ئەگەر لەوێ بمرێ ڕەنگە بتوانم تاوانی کوشتنەکەی بخەمە ئەستۆی براکانی. دەتوانم لەلای دادگا سکاڵاش لەدژیان بەرز بکەمەوەو تەنانەت داوای خوێنیشیان لێ دەکەم. بەڵێ! وا زۆر باشترە، ئێوەش بەهیچ شێوەیەک نابێ شایەدیان بۆ بدەن. نابێ هیچ شتێک بدرکێنن، ئەگینا چیم بەسەر ئەو هێنا خراپتریش لە ئێوە دەکەم. ئەوە دەنگی زەبەلاحی مێردی بوو کە لەگەڵ خوشکەکانی خۆی قسەی دەکرد . ئاخر ئەم شەوە شوومە ئەوانیش میوانیان بوون و ئاگایان لە تەواوی ئەم ڕووداوانە بوو، بەڵام لە ترسان نەیاندەوێرا هیچ چەشنە ناوبژیوانییەک بکەن، تەنیا کارێک کە کردبوویان ئەوە بوو کە لە ژوورێک خزابوون و تا بەیانی گریابوون.

ژاکاو بڕیاری خۆی دابوو، دوا قسەشی ئەمە بووە کە، جگە لە گیانی خۆی، تەنانەت ئەگەر سەری منداڵە تاقانەکەشی لەلا ببڕن ئێستا مل بۆ قەبووڵ کردنی ئەم بوختانە بێشەرمانەیە کەچ ناکا، ئەوە بوو کە پاش نیو کاتژمێر لە حاڵێکدا کە بە ڕەنگ و ڕوویەکی زەردهەڵگەڕاوو جەستەیەکی شەقار شەقار کراو کە زیاتر لە مردووی گۆڕستانەکان دەچوو، لە کاتێکدا کە بە دوو کەس ژێر باڵیان گرتبوو و بۆلای سەیارەکەیان دەبرد، لە گەڵ خۆی پەیمانی بەست کە هەر چۆنێک بێ ڕێچکەی «تەڵاق» لەنێو بنەماڵەو کۆمەڵگای دەوروبەریدا بشکێنێ، تەنانەت ئەگەر براکەی لە ماڵی باوکیشی وەردەری بنێ، دیسانیش ئەم کارە دەکا. بەڵێ، تاکە ڕێگە هەر ئەوە بوو. لەکاتێکدا کە هەنگاوە بێ هێزەکانی هەڵدێنایەوەو لاقە کوتراوو وەرگەڕاوەکەی بەزۆری لەدوای خۆی ڕادەکێشا، ئاوڕێکی وە منداڵە بەستەزمانەکەی دایەوە کە هەردووک لاقی لە عەرز دەکوتاو وەک هەوری بەهار فرمێسکی دەباراندو هاواری «دایە، دایە»ی کە تازە فێری ببوو تەواوی کۆڵانەکەی داگرتبوو و گوێی فەلەکی کەڕ دەکرد.

ژاکاو لە کاتێکدا کە سواری سەیارەکە دەبوو لە دڵدا دەیگوت:

پەپوولە بێ تاوانەکەم! ئەگەرچی ئەم چاوە پڕ ئەسرینانەت ئاگر لە جەرگم بەردەدا، بەڵام ئابرووش خۆشەویستەو ناکرێ دەستبەرداری بم، ڕێگە نادەم ئەم سەرشۆڕییەم بەسەردا بسەپێنن. نا نا هیچکات باری تاوان و گوناحی کەسێکی دیکە ناخەمە سەر شانی خۆم، جگە لەوەش ئەو شوێنەی کە من بۆی دەچم دڵنیام کە جێی منیش نییەو بۆخۆشم لەوێ زیادیم، چی بگا بە تۆی بەستەزمان. چی بکەم چارەنووس وای لێ کردووم کە بەناچار پێ لەسەر جەرگم دابنێم. دڵنیا بە کۆرپەکەم هیچ کات ئەم چاوە بارانیانەت لەیاد ناکەم و هیوادارم ئەسرینی چاوانی من و تۆ ببێتە لافاوێکی بێ ئامان و ڕەگ و ڕیشەی ستەمکاران هەڵتەکێنێ. ژاکاو بەدەم هەنیسک و فرمێسکەوە دەیگوت: بەو خودایەت دەسپێرم کە پەنای بێ پەنایانە ئازیزە بێ پەناکەم.





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# چیرۆکەکانی ژیان لە رۆژهەڵاتەوە

ماوه یەکە بووینە  هاورێ و ر یگای  هاتوو چۆی زانکومان پێکه وه یه به لام تا ئێستا قسه ی دلی خۆیی یا بنه ماڵه و ژیانی بۆ باس نه کردوم.به چاوه شینه کانی سه یرم ده کات و دیسان ده رواته ناو خه یال،یه که مجار نیه وا ده یبینم بەڵام هیچ ناڵێم تا خۆی قسه بکات.هەرجاره که سەیرم ئەکات سۆزی زیاتر ، شاید به دوایی نیشانه یەک له متمانه ده گریێت. به ده نگێکی ئارام سەبارەت به خۆی دەست دەکات به قسه کردن. دەلێت بنه ماله یەکی زۆر ساده بووین، دایکم و باوکم و خۆشکم، باوکم حه زی ده کرد کچه کانی وریاو زانا بن و هه مووکات له پشتمان بوو دایکیشم هه روەها. به هه موو ناره زایه تی خه ڵکی گوند و خزمه کان هاتم بۆ زانکو .مێشکم پڕ بوو له فکری درس و ده ر چوون له زانکو و رۆیشتنه وه بۆ مالێ و باوک و دایکم شانازیم پێوه بکەن منیش دلخۆش بم.هیوایه تم ته واو کردنی زانکو و سربه رز کردنی ئه وان بوو. زووریاننەسیحەت ده کردم ، به تایبه ت باوکم: "کچم ئاگات له خۆت بێ هه مو مروفه کان ساده و دلپاک نین ئه م ژیانه پڕه له گورگ له پێستی مەڕدا. "ئه مگوت به چاوان له بیرم ناچێت. زانکۆ بۆمن  شوێنێکی نوێی بوو دوور له بنه ماڵه و هه مو ئاشنایەک،کچه کان له گه ل ئه و کچانەی من ناسیبومن زۆر جیاواز بوون،شه رمیان نه ده کرد و به ڕده وام ماڤی خۆیان ئه ویست.زانکو پڕ بوو له کچ و کوڕ هه ر یه ک به جورێک و به شێوه یەک،به لام لای من گرینگ نه بوون ته نیا ئامانجم سه ر که وتن له زانکو بوو. ٦مانگ له زانکۆ ده گوزه را و له هه مو بابه تێک سه رکه وتبووم له خوێندن زوور باش بووم و له گه ل یه کێک له کچه کان بووین به هاورێ، که سێکی ساده و دلپاک بوو و له هاورییه تیش باش بوو. ئاگادار بووم هه ندێک له کوره کان زۆر خۆیان نزیک ده که نه وه و ده یانهه ویت شتێک بلێن یا باسێک بهێننه پێش، به لام ڕێگام پێیان نه ده دان.

حه زم له کوڕی زانکۆ نه بوو و بیرم له لای خوێندن و کاری خۆم بوو.تازه چووبووینه ناو هۆلی زانکۆ که هاته سر ڕێگاکه م و به شیوه یەکی محترمانه گوتی: "سلاو هاورێ،من تازه له سه فه ر هاتومه وه و له دەرسەکان وەدوا که وتووم ،ئه گه ر زحمه ت نه بێ یارمه تیم بده  زۆر سپاست ده که م " من یارمەتی هەموو هاورییەکانم دەدا لام زۆر ئاسایی بوو و گوتم: "به چاوان " به پێکه نینێک ددانه سپیه کانی ده ر خست و ولامی داوه: "سپاس من ناوم ئه میره " هه ر به م شێوه ئاشنایی من و ئه میر ده ستی پێکرد و هه مو ڕوژێک دوایی سەعاتێک، دووان ده رسه کۆنه کانمبۆ دووپات دەکردەوه.به راستی کورێکی خۆین شیرین و قسه خۆش بوو هه ندێک جار پرسیاری ماڵی باوکم و ژیانمی لێ ده کردم و  بۆخۆشی باسی خۆی و بنه ماڵه که ی ده کرد.هه ر به م شێوەیه به سه ر ڕۆیشت تا ئیتر چرکه به چرکه به هیوای ڕۆیشتنی کاته کان ده بووم بۆ ئه وه ی له گه ل "ئه میر"دانیشین و گوێم له ده نگی و چاوم به رووخساری که وێت.وام هه ست ده کرد ئه ویش بێ هه ست نیه به رامبه رم و که م که م هه ستم کرد عاشقی بووم. ڕوژێک له کاتی دیاری کراو وه ک هه میشه هات و گوتی:"هانا وه ره با پێکه وه بروینه ده رێ و هه ندێک هاورێمان له گه لە کچ و کوڕن پیاسەیەک ده که ین و ئێواره  ده گرینه وه " زوورم پێ خۆش بوو و قه بوولم کرد.دلم پڕ بوو له ئاوات وبه  هیوای ئه وه ی سەعاتێک  له لای ئه میر بم  له گه ل قسه و باس کردن ئاگامان له کات نەما. "هانا "زه رده خه نه یکی کرد و گوتی ڕوژێکی زۆر خۆشمان هەبوو. له درێژەی قسەکانی دا گوتی کاته کان وا به خێرایی ده ڕۆیشتن.کاتێک له هاورییه کانمان ماڵ ئاوایمان کرد سه یری سەعاتم کرد و بینیم له" ١٢ "لای داوه.سه یری کردم و گوتی "دره نگ نیه ئه زیزم با به ته نیایی پیاسه یەک بکه ین هێشتا قسه مان زۆره بۆ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



وتن وانیه ئه زیزم! "هه مو جسمم پڕ بوو له ئاگری عه شق و ده نگی وه ک مۆسیقایه کی خۆش له گۆیم ئەزرینگایەوە .لە حەوت ئاسمان ئەستێرەیەکم شک ئەبرد و کاتێک" ئه مێر "ده ستمی له ناو ده ستی گرت هه ستم کرد زیندوو بوومه وه، په نجه کانی به هێز و ئه ستوور بوون ئه وه نده ی ئه ستوور که په نجه کانم نوقم بوون.یه کەمجار بوو کورێک ده ستم لێ بدات و من هێشتا خه ریکی سوتان له ئاگری ئه م خۆشه ویستییه بێ سنووره بووم. "هانا ده مێکه حه زم دەکرد قسه و هه ستی دڵمت بۆ باس بکه م،پێم وابێ ئێستا کاتی هاتووه. " وه ستا و له تاریکی شه و سه یری ناو چاومی ده کرد"تۆ به ڕاستی کچیکی باش و زۆر جوانی ئه توانی تا کۆتایی ته مه نم له گه ڵم بی و ببی به خۆشه ویست و خانمی ماڵم؟ " فرمێسک مه جالی قسه ی پێم نه ئه دا. من بەختە وه ر ترین کچی ئەو دونیایەم خوایه سپاس بۆ ئه وه ی که سێکی ئاوات له سه ر ڕێگام داناوه. من ناتوانم وه ک" ئه مێر " وشه ی جوان به کار بهێنم و هه ست و سۆزی دڵم بێنمه سەر زمانم، ته نیا توانیم به ده نگێکی زۆر کز وه ک ئه وه ی ته نیا خۆمان گۆیمان

لێبێت بڵێم:"منیش عاشقی تۆم " په نجه می به هه موی هێزیی گوشی و وتی:"زۆر باشه خانمی من به م زووانه به بنه ماڵه که مت ده ناسێنم " وتی دایک و باوکم له شارێکی تر ئه ژین و له یه که م ده رفەت بتوانم تۆیان پێ ئه ناسێنم. به م شێوەیه شه و ڕوژ پێکه وه بووین. هه موو زانکۆ باسی خۆشه ویستیمانی ده کرد کچه کان به مۆره وه سه یریان ده کردم و هه ندێکیشیان قسه یان له گه ڵ نه ده کردم.شه و ورۆژم ببوبه قسه کردن وپیاسەکردن له گه ڵ ئه مێر. ئاگام له زانکۆ و ماڵی نه مابوو، له هه موو ده رس و خوێنده کانم دوا که وتبووم ئیتر یه که م که سی کلاسەکەم نه مابووم، بۆ خوێندنی هیچ کتێبێک مه جاڵم نه بوو، کاته کانم یا به قسه کردن له گه ڵ "ئه مێر "دەڕۆیشتن یا به بینینی. ئیتر ڕۆژه تەعتیله کان نه دەڕۆیشتمه وه بۆ ماڵی بیانویی ده رس و زانکۆم ده هێنا وه ده مگوت کاتی هاتوو و چۆم نیه، به لام ته نیا له به ر خاتری که سێک نه دەڕۆیشتمه وه که تاقه تی یه ک چرکه دووری ئه وم نه بوو. ئه م قۆناغه ی زانکۆش کۆتایی هات و تاقی کردنه وه کان زانکۆ ده ستی پێکرد.من ٢ساڵم مابوو به لام "ئه



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

میر"ئه مسال ته واو دەبوو له زانکۆ. له یه ک دودانه له ئیمتحانه کان دەرنەچووبوم و له وانه ی تریش به زه حمه ت توانیم دەربچم.نه مه جالی خوێندنم بوو نه مێشکم یارمەتی ده دام. به ڵام "ئه میر "له هه موو ده رسه کانی دەرچوبوو. ڕۆژی کۆتایی تاقی کردنه وه کان بوو ،که باوکم تێلی بۆ کردم و گوتی هاتووم له دوات بۆ ئیسراحه ت کردنێک بڕۆینه وه بۆ ماڵێ، تۆ زۆر خۆتت ماندو کردوه به زانکۆ و تا ده ست پێکردنی قۆناغی تری زانکۆ له ماڵه وه ئیسراحه ت بکه. خه می ئه وه م بوو ماوه یەک خۆشه ویسترین که سم نابینم ئاگری تێبه ر دابووم.به "ئه میر "م گوت و له گه ڵ یەکتر ماڵ ئاوایمان کرد و له گه ڵ باوکم ڕۆیشتینه وه. یه ک ڕوژ به یه ک ساڵ تێپه ڕدەبوو. وه ک ئه سیرێک له نێو قه فه س به ند کرابێت بی تاقه ت و ئاڵۆز بووم. دایکم هه ستی پێکردبوو شتێک بووه به باوکمی گوتبوو ئه مجاره هانا ڕۆیشته وه بۆ زانکۆ توزێک پاره ی زۆر تری پێ بده با له نێو هاوڕێیه کانی هه ست به که می نەکا. به ڵام خه می من دووری له "ئه میر "بوو. خه مێک دەرونمی تەنی بوو و نه م ده توانی بۆ که سێکی تر باس بکه م. ۲ڕۆژ خێراتر له کاتی خۆیی شته کانم کۆ کرده و گوتم تۆزێک کارم هه یە.ئه بێ پێش ده ست پێکردنی ئەم قۆناغه ته واویان بکه م. هه فته یەک له لایی دایک و باوکم مابۆمه وه به ڵام بۆمن به قه د یه ک ساڵ درێژه ی تبوو.له و ماوه یه نه خه وم بوو نه خواردن. تا گه یشتمه وه تێلم بۆ "ئه میر "کرد تا پێ بڵێم هاتومه وه. به ڵام ئه ویش حاڵ و ڕۆژی له من باشتر نه بوو گوتی زۆر نه خۆشم و ۲ڕۆژه له ماڵێ نه هاتومه ده ره وه.به پەله خۆمم گه یانده ئه و شوێنه ی ماڵی گرتبوو.کاتی دەرگاکه ی کرده وه و بینیم چه ند زه عیف بووه ده ستم کرد به گریان و ئه ویش له ئامێزی گرتم.له خوا به زیاد بێت ئەو دووریه کۆتایی هات. چه ند ڕۆژێک له ماڵی "ئه میر "دانیشتم و نه ڕۆیشتمه وه بۆ زانکۆ و نووستنگه. هه ستم ده کرد به راستی هاوژینی "ئه میرم " و له مێژه پێکه وه ده ژین.وه عدی پێ دام تا یەک مانگی تر ماره م بکات و ببینه ژن و مێرد و تا کۆتایی ئەم

ژیانه پێکه وه خۆش بژین.هه ر چرکه خۆمم له ناو جڵی بوکێنی ده بینی و لای شانم "ئه میر "ده ست له ناو ده ستم بوو. هانا هه ناسه یەکی بەرزی هه ڵکێشاو و فرمێسک له چاوی هاته خواره وه.ئه مجاره درێژه ی قسه کانی به فرمێسک و ئاه گوته وه. "پاش ئه و چه ند ڕۆژه ی له وێ بووم "ئه میر "گه رایه وه بۆ شاری خۆیی و منیش ڕۆیشتمه وه بۆ زانکۆ و نووستنگه ی خوێندکاره کان. ئه و شه وه و ڕوژه م به هه زار ساڵ لێ ڕۆیشت. چاوەڕێی تێلێک له "ئه میر"بووم و ئه ویش هه ر دیار نه بوو.ڕۆژی دووهەم بێ قه رار تر بووم و له زانکۆ له هه ندێک له هاوڕێیانی پرسیاریم کرد،به ڵام هیچ شتێکم ده س نه که وت.له زانکۆ پرسیاری ناونیشانی ماڵه ویانم کرد به ڵام پێیان نەدام گوتیان نابێ. هه موو ژیانم ڕووخابوو و کۆشکی ئاواته کانم بوو به که ڵاوه کۆنێک بێ ده نگ وره نگ. له یه ک چرکه هه زار خه یاڵم ده کرده وه، ده مگوت تووشی ڕێکه وتی خراپ بووه دڵم ڕازی نه ده بوو بیر له وه بکه مەوه، ئه میر "یاری له گه ڵ هه ست و سۆزم کردبێت.ئیتر له نووستنگه که ی زانکۆ نه ده هاتمه ده ره و و ڕۆژگارم ته نیا به خه یاڵ و خه فه ت دەبرده سه ر.ته نانه ت زانکۆ لێم ببو به،به ندینخانه یەک وا ره قم لێی ده بۆوه. من به و هه موو سادەگی و دڵپاکیه وه ته نیا گوناحم خۆشویستنی که سێک بوو که ته نیا منی بۆ کات به سه ر بردن ویستبوو.مانگێک تێپه ر بوو و هیچ هه واڵێک نه بوو. ئیتر دڵنیا بووم ئه وه ی گه مژه بوو و کڵاوی به سه ر چوبوو ته نیا من بووم. ته نیا هاوڕێیەکم بوو له زانکۆ که بۆ بینینم هات و ئاخر هه واڵی بۆ هینام: "ئه میر "ژنی هیناوه و هاوڕێیه کانی بۆ شایی دەعوه ت کردبوو " ئیتر گوێم له هیچ ده نگێک و هیچ شتێک نه بوو.کاتێک چاوم کرده وه له نەخۆشخانه بووم، چاوه کانی پڕ له فرمێسکی دایکمم بینی. ئۆناقم به ر بوو خۆم خسته ئامێزی پڕ له خۆشه ویستی دایکم. "ئای دایه گیان چه ندم بیر کردبووی.تخوا بڕوینه وه بۆ ماڵ " ڕۆژی دواتر له ماڵی خۆمان بووم و دایکم چاوه دێری ده کردم. ئای که چه نده بۆنی ماڵه که مان خۆش بوو.

تامی خواردنە کانی دایکم و مهرە بانیە کانی باوک و خوشکم گیانی تازە ی پێداومە وە.بە لام زامی کاری دلّم قە ت چانە دە بوو.دایکم قژە سپیە کانی زۆر بوو و باوکیشم هە ر بە و شێوەیە، وام هە ست دە کرد لە مێژە نە یانم بینیوە، ئای کە خۆشە ویستی هە ر دوو چاومی کوێر کردبوو و هە ستم بە خۆشە ویستی ڕاستە قینە ی مالّمان نەدە کرد. " فرمێسکە کانی "هانا "کۆتایی هات و سە یکی منی کرد، هە ستم کرد ئە مجارە بە دوایی متمانە یە، و لە کۆتاییدا گووتی: "ئەمسالّ زانکۆم تە واو دەبێت و ئە و هیوایە تی و ئاواتە ی وا یە کە مجارەم بووم ،هاتە دیی بە لام هە ست بە خۆشحالی و رازی بوونێک ناکە م لە ناخم دا. بۆ پاراستنی ئابرووی بنە مالّە کە م یا دە بێت تا ژیانم مابێت هاوسە رگیری نە کە م، یا ئە وە ی.... " بە نیگاهێکی ساردیە وە: "من لە مردن ناترسم ئە گینا ژیان مانایەکی نە ماوە بۆم. تە نیا لە ئابروو و خە م و خە فە ت دانە وە یەکی دایک و باوکم دە ترسم ئەگینا من تە نیا مردوویەکم کە وا جسمی دە جولێتە وە. " بە راستی نە مدە زانی چی بلێم بۆ ئە وە ی لە خە مە کانی توزێک کە متر بکە م. "هانا "یە کە م کچ و ئاخر کچێکی نەبوو فە ریوی ڕێگای عە شقی درۆیی خواردبوو.هە موو مرۆڤە کان هە لّە دە کە ن بە لام تاوانی هەلّە دانە وە بۆ هە ندێکمان زۆر قورستر لە وانە ی ترە. "هانا "بوو بە قوربانی هە ستی پاک و سادە ی.ئێستا دە بێ لە کۆمە لّگایەک بژیت و ژیانی بە سە ر بەرێت کە ئە وە ندە ی رۆشنبیر نیە کە واتە حە قی پێبدات ، بە داخە وە ئە و بە تاونبار دە زانێت.و هە ر واش کە خۆیی دە لّێت ئیتر تا مردن ناتوانێ متمانە بە کە سێک بکات و لە وانە یە تا کۆتایی تە مە نی بە تە نیایی بباتە سە ر. سە یری روخساری جوانی" هانا "دە کە م کە شایانی باشترین ژیانە و بە داخە وە کە وتە داوویی فە ریوی ئەو زە مانە.





کتێبخانەی دیجیتالّی
www.rabari.org

وەرزش

# جامی جیهانیی نەتەوە بێدەوڵەتەکان وچەند ئاماژەیێک



نوسین:رەحیم ئەحمەدی

ژن وەکوو جەوهەرو بنەچەی ژیانی مرۆڤ و، وەکوو بەش وچینێکی کۆمەڵگا گرینگی و پێویستی بەشداری کردنی لە هەموو بوار و بەستێنەکانی ژیانی ئەمڕۆدا بۆ هەموو لایەک دەرکەوتووە. ئەو توانایی و تایبەتمەندییە و بەرجەستانەی کە لە باری هەست ، سۆزو ورەوە لە ناخی ژنان و بەتایبەت لە کچانی گەنجدا هەیە، ئەو راستییەمان بۆ دەسەلمێنێ کە دەتوانن لە گۆڕەپانی وەرزش و چالاکییەکانی ئەو بوارە دا دەربکەون و ببنە هەوێنی راسان وبزاوێکی گرینگی وەرزشی و کۆمەڵایەتی.بوون وحزووری چینی ژنان لە هەموو ئاست و ، بەتایبەت چالاکییە وەرزشییە نێودەوڵەتییەکاندا هێمای هەبوونی شارستانییەتی نەتەوە و نیشانەی تێکەڵاو بوون و خۆگونجاندنی کۆمەڵگاکانی جیهانی سێهەمە دەگەڵ رەوتی گۆڕانکارییەکانی جیهانیدا.

لە لایەکی دیکەشەوە بەشداری بەشداریکردن و چالاکی کچان و ژنان لە یارییە نێو دەوڵەتییەکاندا دەربڕی ئاستی شعووری نەتەوە و ، گرینگی دانە بە هزر و بیروباوەڕ و تواناکانی ژنان کە لە بیرۆکەی پرۆسەی نەتەوەسازییەوە سەر چاوە دەگرێ، دەبێ بەم ئاراستەیەدا سیمایەکی نوێ بە یارییە وەرزشییەکانمان ببەخشین.

ئەگەربەوردیسەیریپرۆگرامی ناوەندە نێودەوڵەتیەکانی وەرزشی ، وەکوو: کۆڕی گشتی بەرێوەبەرایەتی یارییەکانی ئۆلەمپی ناسراو i.o.c و یەکیەتیی نێودەوڵەتی تۆپی پێی جیهان فبفا (FIFA) بکەین. بێگۆمان هەست بەو راستییە تاڵە دەکەین کە ئێمەی نەتەوەی کورد وەکوو یەکێکە گەورەترین نەتەوەکانی بێ دەوڵەت لە سەر ئاستی جیهاندا بۆمان نیە بە ناوی کوردستانەوە بەشداری لە یارییەکانی دوو رێکخراوی ناو براو دا بکەین.

بەڵام بەشداری هەلبژاردەی تۆپی پێی هەرێمی کوردستان لە یارییەکانی» ڤیڤا» ، فێدراسیۆنی تایبەت بە نەتەوە بێ دەوڵەتەکان لە ساڵی ٢٠٠٣دالەوەڵاتی فەرانس ەو ، کەلەسەربیرۆکەیبیرمەندیناس راو ‹میشێلکریسستیان»بنیاتنرا. هەڵبژاردەی تۆپیپێیکوردست انیشلە ساڵی ٢٠٠٦دا بەشێوەی فەرمیلەرێزی هەڵبژاردەکانیسە ربەڤیڤادەگەڵبەئەندامبوونیفێد راسیۆنی تۆپی پێی کوردستان بەشداری یارییەکانی ئەو پاڵەوانەتییە ی کرد. بەشدادی کردنی هەڵبژاردەی کوردستان لەو یاریانەدا هیوایەتێکی گەورەی وەرزشی بوو کە بۆ کوردستانیان بەدیهات. ئێستا شاری هەولێر لە کاتێکدا میواندارێتی یارییەکانی ڤیڤا دەکات ، بەروونی هەست بە بۆشایەکی گەورە بەو یاریانەوە دەکرێت. ئەویش نەبوونی هیچ بوارێکی وەرزشی تایبەت بە ژنانە . راستە لەباشووری کوردستاندا یاریی تۆپی پێی تایبەت بە ژنانمان نیە، بەڵام دەکرێ لە بوارەکانی تۆپی دەست، تۆپی بالە یان فۆتساڵ، داوامان لە سەرجەم ئەو هەشت هەرێمەی دیکە کردبایە کە لە یەکێک لەو بوارانەدا بە تیمی ژنانەوە بەشداریی پێشبرکێکە بکەن ، بۆ ئەوەی ژنانیش هەستیان بە بوونی خۆیان بکردبایە. پێویستە لە دۆخی ئیستادا رێکخراوەکانی ژنانی هەر چوار پارچەی کوردستان و، بە تایبەت وەزارەتی رەۆشنبیری و لاوان ، لیژنەی ئۆلەمپیی کوردستان ، نووسینگەی وەرزشی ژنانی کوردستان و رێکخراوەکانی تایبەتی ژنان بە شێوەی هاوبەش بە بەرێوەبردنی چەند کۆنفرانسێک بگەنە کۆ دەنگێک ، بە مەبەستی چۆنێەتی بەشداری ژنان لە یەکێک لە بوارەکانی وەرزش، لە یارییەکانی داهاتووی ڤیڤادا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# دیمانە

دیمانە: ڕەحیم ئەحمەدی

پێشەکی:

لەو سەردەمە دا ڕەوتی گەشە سەندنی کۆمەڵگا، لە پێناو ئاسودەیی و ئاسایشی مرۆڤ و، وەدیهێنانی حەز و ویستی کۆمەڵگای مرۆڤایە تییەکان دا هەنگاو دەنێت.هەر بۆیە سیستمی بەڕێوەبەری کۆمەڵگا بۆ دابینکردنی پێویستییە کۆمەڵایە تییەکان پێویستی بە جەماوەری بوونی هێزی تاکە شارەزاو پسپۆڕەکان هەیە.لە ئێستا دا وڵاتانی پێشکەوتوو گرینگی تایبەت بە ڕەوشی پەروەردەی وەرزشی ژنان دەدەن.لە هەرێمی کوردستانیش دا کەم نین ئەو یانە وەرزشیەیانەی کە گرینگی بە وەرزشی ژنان دەدەن. ماموستا ناسکە حوسین یەکێکە لەو چاڵاکە وەرزشیانەی کە لە ریزی پەیمانگای پەروەردەی وەرزشی پایتەخت لە شاری هەولێر دا ڕۆل دەبینێت لە پێگەیاندنی لاوانی خولیای وەرزش دا.هەر بۆیە لە دیمانەیەک دا ڕاو بۆچوونی بەرێزیانمان لە هەمبەر دۆخی ئێستای وەرزشی ژنانی هەرێمی کوردستانەوە بۆ گۆڤاری ژنان وەرگرتووە.





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

١–بیۆگرافی خۆتان بۆ خۆینەرانی گۆڤاری ژنان باس بکە. ناسکە حوسینم لە دایکبووی ساڵی ١٩٨٨ی شاری هەولێر، دەرچووی کۆلێژی وەرزشی زانکۆی سەلاحەدینم و ئێستاش ماموستای وانەی وەرزشم.

٢– پێگەی ژنان لە کۆمەڵگای وەرزشی هەرێمی کوردستان دا چوون هەلدەسەنگینی؟
لە هەر ولاتێک دا وەرزشی ژنان لە رووی کارگێری، رۆشنبیری، پەروەردەیی و دەرفەتی چالاکی ئازادانە واتا بەشداری بە بێ هەلاواردنی رەگەزی پێش بکەوێت، ئەو حالەتە سەلمێنەری ئەو راستییەیە کە بە رێوەبەرانی وەرزشی ئەو ولاتە، هەنگاویان بەرەو کرانەوەی کۆمەڵگا هەڵێناوە و رێزیان لە بەها راستەقینەکانی مافی مرۆڤ گرتووە.لە دوای روخاندی رێژێمی بەعسی دیکتاتۆر وەرزشی ژنان لە کوردستان هەنگاوی بەرەو پێشکەوتن ناوە حکومەتی هەرێمیش بە گوێرەی توانا پشتگیری ئەو رەوتە دەکات، بەلام ئێمە دەبێ هاوشێوەی ولاتانی دراوسێمان زیاتر پەرە بە ئاستی خۆمان بدەین.

٣– لە هەرێمی کوردستان دا نزیکەی ٣٠ فیدراسیۆنی وەرزشی بوونیان هەیە بۆ چی تا ئێستا ژنێک بۆ یەک تاقە جاریش نەبۆتە سەرۆکی یەکێک لەو فیدراسیۆنانە؟ پرسیارێکەت زۆر جی رامانە، دەزانم کۆمەڵگای وەرزشی هەریم هێشتا ئاسەواری بیری پیاوسالاری بە سەر دا زالە، بەلام من خۆشبینم بەوەی کە ئەگەر ئێمە چالاکانی بەرگریکاری مافی وەرزشی ژنان خۆمان هەولی گۆرین و باشتر کردنی پێگەی ژن لە وەرزشی کوردستان دا بدەین دەسەلات پشتگیریمان لی دەکات چونکە لە پێکهاتەی وەرزشی هەرێم دا هیچ جۆرە یاسایەکی وەرزشی بوونی نیە کە رێگری لە جولەی وەرزشی ژنان بکات.

٤– داب و نەریتە کۆنەکانی باو لە نێو کۆمەڵگای وەرزشی ژنانی هەرێمی کوردستان تا چەند بە لەمپەر و رێگر دەزانی؟ لە رابردوو دا داب و نەریتە کۆنەکان و بیری چەق بەستووی توندئاژۆیی کاریگەریان هەبوو لە سەر کۆمەڵگای وەرزشی ژنانی هەرێم، بەلام ئێستا دۆخەکە گۆراوە و کاتێک بە وردی سەیری مێژووی بزوتنەوەی رزگاری خۆازی کورد لە هەر چوارپارچەی کوردستان دا دەکەین دەبینین تاکی کورد لە پێناو ئازادی و ئاسودەیی خۆیدا تاوانی زۆری داوە و ئێستاش کاتی ئەوە هاتووە ژنی وەرزشوانی کورد لە بری قەتیس مانە لە نێو بازنە داخراوەکاندا لە نێو گۆرەپانە وەرزشیەکان و لە سەر ئاستی نێودەولەتی دا بە بردنەوەی نازناوەکان و شەکاندنەوەی ئالای کوردستان بە جیهانیان بسەلمینن کە ٤٠ ملیۆن مرۆڤی کورد لە سەردەمی بە جیهانی بوون دا بۆ ئەوە نا بێت نکۆلی لە بوون و تواناکانیان بکرێت.

٥– کۆمەڵگای وەرزشی ژنانی هەرێم بۆ ئەوەی بگەنە ئاستی نێودەولەتی دەبێ لە چ دەرگایەک بدەن؟ یانە و هەلبژاردەکانی وەرزشی ژنانی هەرێمی کوردستان تا ئێستا چەندین جار لە سەر ئاستی نێودەولەتی دا براوەی نازناوی جۆراو جۆر بوونە، بەلام بۆ ئەوەی خاوەنی کۆمەڵگایەکی ستانداری وەرزشی پیشەیی بین دەبێ جارێکی دیکە بە یاساکانی وەرزشیمان دا بچینەوە و ببین بە خاوەنی بەرنامەو پێرەوێکی وەرزشی سەردەم، گرینگی بە وەرزشی قوتابخانەکانمان بدەین، لە رێگە دامەزراوە وەرزشیەکانەوە بەردەوام ستاف و راهێنەری لێهاتوو پەروەردەبکەین، مێدیای وەرزشی دەبێ کارا و رەخنەگرتر لە رابردوو ئامادە بێت رەوتی رووداوەکان وەکوو خۆی وێنا بکات، دەبێ هەول بدەین وەرزش بە جۆرێک گشتگیر بکەین کە ببێتە بەشێک لە ژیانی تاک و کەرتی تایبەتیش یەکێکە لە ئامانجە جوانەکانی وەرزشی سەردەم بێت کە بەداخەوە لە کوردستان دا کاری پێویستی بۆ نەکراوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پەیام بە بۆنەی ٧٠ ساڵەی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان



سەرەتا پیرۆزبایی ٢٤ی ڕەشەممە ساڵرۆژی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان کە لەسەر دەستی پێشەوای نەمر دامەزرا، لە گشت ژنانی تێکۆشەروچالاک بە تایبەت ژنانی شۆرشگێری دێرینی نێوریزەکانی حیزبی دێموکرات و یەکیەتیی ژنان دەکەم.هیواخوازم ئێمە ژنان ڕێی پێوەر و وەڵامدەری ئەو ئیقداماتە گرینگە بین کە پێشەوای نەمر ٧٠ ساڵ پێش ئێستا بیری لێ کردبووە و بایەخی دا بە ژنان.

سپاس بۆ لەوحی تەقدیری یەکیەتیی ژنان،بە شانازی دەزانم زیاتر لە نیوەی ئەو ٧٠ساڵە ی دامەزرانی یەکیەتیی ژنان لە خزمەت حیزب و نەتەوەکەم دابووم و تێکۆشاوم بۆ گەیشتن بە ئاواتی وردو درشتی گەلەکەم) مافی نەتەوایەتی و مافی یەکسانی و مافی ئینسانی یەکانی ژنان)ئەگەر تەمەن ڕێگا بدا زیاتر لەو نیوەیەش لە خزمەت نەتەوەکەم و ژنان دا دەبم.

هیوادارم یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان چالاکتر لە پێشوو بەردەوام بێ لەسەر هەوڵدان بۆ خۆ پێگەیاندن و گەیشتنی بە مافە نەتەوایەتی و مافە ئینسانی یەکانی خۆیان.

بژی یەکسانی ژن و پیاو

بژی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان

خەدیجە مەعزوور

## ڕێزلێنان

خاتوونی بەڕێز، خەجیجە مەعزوور

لە گەڵ ڕێز و سلاو،

یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان کە ئەمرۆ٧٠ ساڵ بە سەر دامەزرانی دا ڕادەبرێ، بۆ زۆرلە قۆناغ و بڕگەکانی مێژووی خۆی، قەرزداری ژنانێکە کە ڕۆڵیان لە زیندووکردنەوە و بووژاندنەوەی ئەم یەکیەتییە دا هەبووە. بەڕێزت لە قۆناغەکانی شار و شاخ دا ڕۆڵت هەبووە لە بردنەپێشی تێکۆشانی یەکیەتیی ژنانی دیموکرات دا.

هەر بۆیە جێی خۆیەتی لە یادی ٧٠ ساڵەی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دیموکرات دا، بە هۆی ئەم لەوحە، ڕێزت لێ بگرین و سوپاس و پێزانینی خۆمان بە بەڕێزت ڕابگەیەنین..

هیوامان ئەوەیە لەمەودواش بە ئەزموون و تواناکانی خۆت پشتیوان و هاوکاری یەکیەتییەکەمان بێ.

کۆمیتەی بەڕێوەبەریی

یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان

٢٤ی ڕەشەمەی ١٣٩٤

١٤ی مارسی ٢٠١٦



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



# ڕێزلێنان

خاتوونی بەڕێز ,عیسمەت نستانی
لە گەڵ ڕێز و سڵاو،
یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان هەر لە ڕۆژی
دامەزرانییەوە تا ئێستا مەیدانێک بووە بۆ تێکۆشانی ماندوویی
نەناسانەی ژنانی نیشتمانپەروەر و ئازادیخوازی کوردستان.
بە تێکۆشانی دڵسۆزانەی ژنانی یەکسانیخواز و دیموکرات،
ئەم ڕێکخراوەی ژنان، توانیویەتی قۆناغە جۆراوجۆرەکان ببڕێ
و ئەمڕۆجێژنی ٧٠ ساڵەی دامەزرانی بگرێ. بەڕێزت ساڵانێک
وەک سکرتێری یەکیەتیی ژنانی دیموکرات لەم ڕێکخراوە دا
بەرپرسایەتیت لە سەر شان بووە و ڕۆڵت لە بەردەوامی و
بەرەوپێشچوونی تێکۆشانی یەکیەتییەکەمان دا هەبووە.
وەک پێزانین و سوپاس لە زەحمەت و تێکۆشانت لە ماوەی
بەرپرسایەتییت لە یەکیەتیی ژنانی دیموکرات دا، بە ئەرکی
خۆمان زانی لە یادی ٧٠ ساڵەی دامەزرانی ئەم ڕێکخراوە دا،
ئەم لەوحی ڕێزلێنانەت پێشکەش بکەین. هیواداریِن لەمەودواش
هەر پشتیوان و هاوکاری یەکیەتیی ژنان بی و لە ئەزموون و
تواناکانت بێبەشی نەکەی.
کۆمیتەی بەڕێوەبەریی
یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان
٢٤ی ڕەشەمەی ١٣٩٤
١٤ی مارسی ٢٠١٦



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پەیام بە بۆنەی ٧٠ ساڵەی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان

## ڕێزلێنان

خاتوونی بەڕێز ,نەسرین حەداد

لە گەڵ ڕێز و سلاو،

یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان هەر لە ڕۆژی دامەزرانییەوە تا ئێستا مەیدانێک بووە بۆ تێکۆشانی ماندوویی نەناسانەی ژنانی نیشتمانپەروەر و ئازادیخوازی کوردستان. بە تێکۆشانی دڵسۆزانەی ژنانی یەکسانیخواز و دیموکرات، ئەم ڕێکخراوەی ژنان، توانیوێتی قۆناغە جۆراوجۆرەکان ببڕێ و ئەمڕۆجێژنی ٧٠ ساڵەی دامەزرانی بگرێ. بەڕێزت وەک سکرتێری یەکیەتیی ژنانی دیموکرات لەم ڕێکخراوە دا بەرپرسایەتیت لە سەر شان بووە و ڕۆڵت لە بەردەوامی و بەرەوپێشچوونی تێکۆشانی یەکیەتییەکەمان دا هەبووە.

وەک پێزانین و سوپاس لە زەحمەت و تێکۆشانت لە ماوەی بەرپرسایەتییت لە یەکیەتیی ژنانی دیموکرات دا، بە ئەرکی خۆمان زانی لە یادی ٧٠ ساڵەی دامەزرانی ئەم ڕێکخراوە دا، ئەم لەوحی ڕێزلێنانەت پێشکەش بکەین. هیوادارین لەمەودواش هەر پشتیوان و هاوکاری یەکیەتیی ژنان بی و لە ئەزموون و تواناکانت بێبەشی نەکەی.

کۆمیتەی بەڕێوەبەری

یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان

٢٤ی ڕەشەمەی ١٣٩٤

١٤ی مارسی ٢٠١٦



ژنانی مافخوازی کوردستان!

ئەندامان ولایەنگرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کردستان، هاورێیانی خۆشەویست، میوانە خۆشەویستەکان.

جێگای شانازی و بەختەوەرییە کە لە ٧٠یەمین ساڵرۆژی دامەزرانی یەکەمین ڕێکخراوی داکۆکیکار لە مافەکانی ژنی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان، پیرۆزبایی خۆم ئاراستەی سەرجەم ئەندامان و لایەنگرانی و بەرێوبەرانی ماندوویی نەناسی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان بکەم.

یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان وەکوو رێکخراوێکی هەڵقوڵاو لە هزری پێشکەوتن خوازانەی حیزبی دێموکراتی کوردستان و پێشەوای نەمر قازی محەممەد.خاوەنی پاشخانێکی بە نرخ لە رابردوو و ئاسۆیەکی روون لە داهاتوویە، لەم سۆنگەیەوە دەکرێ بلێین کە بەردەوامبوون لە خەبات و تێکۆشان لە پێناوی دەستەبەرکردنی مافە ئینسانیەکانی ژنان بۆتە بەشێکی جیا نەکراوە لە پێناس و شوناسی ئەم رێکخراوەیە.راستیەکی حاشا هەڵنەگرە کە یەکیەتی ژنان لە رابردوودا بە تێکۆشان لە دژی کلتووری سەقەتی عەشیرەیی و لە ئێستادا بە خەبات لە دژی باوەرە کۆنە پەرەستیەکان کە لە ژێر دەسەلاتی کۆماری ئیسلامی بەسەر کۆمەلگای ئێران و رۆژهەلاتی کوردستان دا سەپاوە،کاریگەرییەکی بەرچاوی جێهێشتووە،هەر بەو پێیە لێرەدا ووەکوو یەکێک لە بەرێوبەرانی پێشووی ئەم رێکخراوەیە هیوادارم کە سەرەڕای هەموو لەمپەرو ئاستەنگەکانی سەر رێگای خەبات لە پێناوی دەستەبەرکردنی مافە ئینسانیەکانی ژنانی کوردستان،یەکیەتی ژنان لە هەوڵەکانی بە شێوازی مەدەنی و سەردەمیانە تا گەیشتن بە ئامانجە پیرۆزەکانی بەردەوام بێت.

بەردەوام بێت بزافی مافخوازی ژنانی کوردستان!

سەرکەوتن بۆ یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان!

٢٤ی رەشەممە ی ١٣٩٤ی هەتاوی

نەسرین حەداد



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پەیام بە بۆنەی ٧٠ ساڵەی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان



## ڕێزلێنان

خاتوونی بەڕێز , زیبا سەرووەریی

لە گەڵ ڕێز و سلاو،

یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان کە ئەمڕۆ٧٠ ساڵ بە سەر دامەزرانی دا رادەبرێ، بۆ زۆرلە قۆناغ و برگەکانی مێژووی خۆی، قەرزداری ژنانێکە کە ڕۆڵیان لە زیندووکردنەوە و بووژاندنەوەی ئەم یەکیەتییە دا هەبووە. بەڕێزت لە قۆناغەکانی شار و شاخ دا ڕۆڵت هەبووە لە بردنەپێشی تێکۆشانی یەکیەتیی ژنانی دیموکرات دا. هەر بۆیە جێی خۆیەتی لە یادی ٧٠ ساڵەی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دیموکرات دا، بە هۆی ئەم لەوحە، ڕێزت لێ بگرین و سوپاس و پێزانینی خۆمان بە بەڕێزت ڕابگەیەنین.. هیوامان ئەوەیە لەمەودواش بە ئەزموون و تواناکانی خۆت پشتیوان و هاوکاری یەکیەتییەکەمان بی.

کۆمیتەی بەڕێوەبەریی

یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان

٢٤ی ڕەشەمەی ١٣٩٤

١٤ی مارسی ٢٠١٦

بە بۆنەی حەفتا ساڵەی دامەزراندنی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان گەرمترین و ڕازاوەترین پیرۆزبایی خۆم پێش کێش بە ئێوە ژنانی هەڵسۆڕرو خەباتگێڕی کوردستان دەکەم.

یەکیەتی ژنان لە سەدەردمێک دا دامەزرا کە ڕادەی ژنانی خوێندەوار و شارەزا لە کۆردستان ئێران زۆرکەم بوو. ژنانی کورد بۆ یەکەمجار لە کونجی ماڵێ هاتنە دەر و بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی خۆیان دەستیان کرد بە تێکۆشان کە هەتا ئێستاش درێژەی هەیە.

دامەزرانی یەکیەتی ژنان لە فەزای بەستە و کولتوری دواکەتووی ئەو سەردەمدا ئەوەمان بۆ دەسلمێنێ کە پێشەوا قازی محەمەد و حیزبەکەی چەندە بە بیری پێشکەوتنخوازانە و مۆدرین رۆڵی ژنانیان بە پێویست و گرینگ زانیوە.

ژنانی کوردستانی ئێران ساڵانێکی دوورودرێژە کە سەرەرای کەندو کۆسپی سیاسی، فەرهەنگی و هتد درێژە بە خەبات و تێکۆشانی خۆیان دەدەن و لەو ڕێگایەدا قوربانییەکی زۆریان داوە.

لە کاتێکدا حەفتا ساڵەی یەکیەتی ژنان جێژن دەگیرێ کە بەداخەوە لە ئێران چەوساندنەوە و پێشێل کردنی مافی ژن لەوپەڕی خۆی دایە و ژنان بە خرابترین شێوە هەڵسوکەتییان لە گەڵ دەکردرێ. ژنان بۆهێننانە گۆڕی چکۆلەترین داخوازییەکانیان لە لایەن دەستەڵاتەوە بە زیندان، ئەشکەنجەوئازار و کوشتن وڵامیان دەدرێتەوە.

سلاو بۆ ژنانی کوردستان کە هیچکات لە خەبات بۆ وەدیهێنانی مافەکانیان نەوەستاون.

سلاو بۆ ژنانی کورد کە گیانی خۆیان لە ڕێگای ئازادی و مافی یەکسانی مرۆڤەکان دا بەخت کردووە

سەرکەوتنتان ئاوا تەخوازم/ زیبا سەرووەری



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پەیام بە بۆنەی ٧٠ ساڵەی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان

یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان

**ڕێزلێنان**

خاتوونی بەڕێز ,حەلیمە ڕەسووڵی
لە گەڵ ڕێز و سڵاو،

یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان هەر لە ڕۆژی دامەزرانییەوە تا ئێستا مەیدانێک بووە بۆ تێکۆشانی ماندوویی نەناسانەی ژنانی نیشتمانپەروەر و ئازادیخوازی کوردستان. بە تێکۆشانی دڵسۆزانەی ژنانی یەکسانیخواز و دیموکرات، ئەم ڕێکخراوەی ژنان، توانیویەتی قۆناغە جۆراوجۆرەکان ببڕێ و ئەمڕۆجێژنی ٧٠ ساڵەی دامەزرانی بگرێ. بەڕێزت وەک سکرتێری یەکیەتیی ژنانی دیموکرات لەم ڕێکخراوە دا بەرپرسایەتیت لە سەر شان بووە و ڕۆڵت لە بەردەوامی و بەرەوپێشچوونی تێکۆشانی یەکیەتییەکەمان دا هەبووە.

وەک پێزانین و سوپاس لە زەحمەت و تێکۆشانت لە ماوەی بەرپرسایەتییت لە یەکیەتیی ژنانی دیموکرات دا، بە ئەرکی خۆمان زانی لە یادی ٧٠ ساڵەی دامەزرانی ئەم ڕێکخراوە دا، ئەم لەوحی ڕێزلێنانەت پێشکەش بکەین. هیواداریین لەمەودواش هەر پشتیوان و هاوکاری یەکیەتیی ژنان بی و لە ئەزموون و تواناکانت بێبەشی نەکەی.

کۆمیتەی بەڕێوەبەریی
یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان
٢٤ی ڕەشەمەی ١٣٩٤
١٤ی مارسی ٢٠١٦



ئەندامانی بەڕێزی کومیتەی بەڕێوەبەری یەکیەتی ژنانی دێمۆکراتی کوردستان ژنانی تێکۆشەری دێمۆکرات هاوڕێیانی خۆشەویستم سڵاوی گەرم و خوشکانەی من قبوڵ بفەرموون . ڕێکخراوی یەکیەتی ژنان یادگاری کۆمارە جوانە مەرگەکەی کوردستانە و بە درێژایی تەمەنی خۆی هەوڵی داوە بە پێی توانا لە خزمەت پرسی ژنانی کورد دابێ ، ئەگەر لە سەردەمی کۆماردا ئەرکی یەکیەتی ژنان هاندانی ژنان بۆ هاتنە دەرەوە لە چوارچێوەی ماڵەوە و ڕۆیشتن بەرەو خوێندنگەکاندا و چالاکتر کردنیان بوو ، هەنووکە وێڕای ئەم ئەرکانە ،یەکیەتی ژنان بە یارمەتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان هەوڵی داوە لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە ئاستی زانیاری ژنان و پیاوان سەبارەت بە ماف و ئەرکەکانیان بەرێتە سەرێ و بارودۆخی نالەباری ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە کۆمەڵگای جیهانی بناسێنێ و بەردەوام سیاسەت و یاسا دژە مرۆییەکانی کۆماری ئیسلامی لە بەرانبەر ژنانی کورد و ئێرانیدا لەقاو بدا و نەریتە چەقبەستووەکانی کۆمەڵگای کوردی دەستنیشان بکات و بە دوای چارەسەر کردنیانەوە بێ. جارێکی دیکە بە بۆنەی تێپەڕ بوونی حەوت دەیە تەمەنی پڕ لە شانازی ئەو ڕێکخراوە، سڵاو بۆ ڕوحی پاکی مینا خانم یەکەمین بەرپرسی ڕێکخراوی یەکیەتی ژنانی دێمۆکراتی کوردستان دەنێرم و پیرۆزبایی دەکەم لە هەموو ئەو ژنانەی کە لەو ماوە دوورودرێژەدا بە باوەڕکردن بە هێز و وزەی خۆیان ،خوازیاری گۆڕانی بنەڕەتی دۆخی ژنان لە کوردستان بوون و لەنێو ڕیزەکانی یەکیەتی ژناندا کاریان کردووە ، هەروەها پیرۆزبایی دەکەم



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پەیام بە بۆنەی ٧٠ ساڵەی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان



## ڕێزلێنان

خاتوونی بەڕێز ، شۆعلە قادری
لە گەڵ ڕێز و سلاو،
یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان هەر لە ڕۆژی دامەزرانییەوە تا ئێستا مەیدانێک بووە بۆ تێکۆشانی ماندوویی نەناسانەی ژنانی نیشتمانپەروەر و ئازادیخوازی کوردستان. بە تێکۆشانی دڵسۆزانەی ژنانی یەکسانیخواز و دیموکرات، ئەم ڕێکخراوەی ژنان، توانیویەتی قۆناغە جۆراوجۆرەکان ببڕێ و ئەمڕۆجێژنی ٧٠ ساڵەی دامەزرانی بگرێ. بەڕێزت ساڵانێک وەک بەرپرسی دەرەوەی وڵاتی یەکیەتیی ژنانی دیموکرات لەم ڕێکخراوە دا ئەرکت لە سەر شان بووە و ڕۆڵت لە بەردەوامی و بەرەوپێشچوونی تێکۆشانی یەکیەتییەکەمان لە دەرەوەی وڵات دا هەبووە.
وەک پێزانین و سوپاس لە زەحمەت و تێکۆشانت لە ماوەی بەرپرسایەتییت لە یەکیەتیی ژنانی دیموکرات دا، بە ئەرکی خۆمان زانی لە یادی ٧٠ ساڵەی دامەزرانی ئەم ڕێکخراوە دا، ئەم لەوحی ڕێزلێنانەت پێشکەش بکەین. هیوادارین لەمەودواش هەر پشتیوان و هاوکاری یەکیەتیی ژنان بی و لە ئەزموون و تواناکانت بێبەشی نەکەی.

کۆمیتەی بەڕێوەبەریی
یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان
٢٤ی ڕەشەمەی ١٣٩٤

ئەندامان و لایەنگرانی یەکیەتی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان!
هاوڕێیانی خۆشەویست!
ژنانی تێکۆشەری نێو ریزەکانی خەبات!
ئیزن بدەن رۆژی ٢٤ی رەشەممە٧٠ هەمین سەلوەگەڕی دامەزرانی یەکیەتی ژنانی دێموکڕات لە گشت ژنانی چالاکی نێو جەرگەی خەبات و ژنانی کوردستان پیرۆزبایی بکەم.
پێم خۆش بوو لە نزیکەوە لە ریو رەسمەکەدا بام و بەیەکەوە رێزو ئەمەگناسی خۆمان پێشکەشی بنیاتنەرو دامەزرێنەری یەکیەتی ژنان، قازی محەممەدی نەمر بکردایە، کە هەر ٢ مانگ دوای دامەزرانی کۆماری کوردستان مزگێنی ئەو رووداوە ی لە هەلو مەرجی عەشیرەتی و دواکەوتوویی ئەو کاتی کوردستان دا راگەیاند.
رێکخراوەکەمان لە کاتێک دا یادی حەفتا ساڵەی خۆی دەکاتەوە کە لە وڵاتەکەماندا ژن خاوەنی سەرەتایترین مافی ئینسانی نیە. هەر دەنگو بزووتنەوەیەکی ژنان کپ دەکرێ. زۆربەی ژنان لە ژێر ئەو هەموو فشارەی کە لەسەریانە، بێ هیوا لە داهاتوو، کۆتای بە ژیانی خۆیان دێنن. بەڵام لە بەرامبەر دا هەشە کە بە خۆشیەوە بەشێکی زۆر لە ژنان رۆڵێکی باش و سەرکەوتوو دەگێڕن و لە حەولی هەموار کردنی خەبات دەبنە ڕێنیشاندەر و لە زۆر بوار دا شان بە شان پیاوەکان تێدەکۆشن. بۆیە دەبێ یەکیەتی ژنانی دێموکڕات لە بەرامبەر ئەو جیاوازیە لە( نارەسایی و سەکەوتنانە) دا بەرنامەی هەبێ و هەلە زێرینەکان بقۆزێتەوە و پەل و پۆ بهاوێژێت و حەولی بە ئاکام گەیاندنی خەباتی یەکسانی لە پاڵ خەباتی نەتەوەیی بدا.
لە کۆتایی دا هیوادارم بە هەوڵی هەمە لایەنە چالاکیەکانی ژنان بەرینتر ببێتەوە و ژنان لەسەر داواکانیان شێلگیرتر لە رابردوو بن.
جارێکی دیکە ٢٤ی رەشەمە لە هەموو لایەک پیرۆز بێت.

٢٤ی رەشەممەی ١٣٩ هەتاوی
شوعلە قادری سوئێد



# ڕێزلێنان

خاتوونی بەڕێز ,سۆهەیلا قادری
لە گەڵ ڕێز و سڵاو،
یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان هەر لە ڕۆژی دامەزرانییەوە تا ئێستا مەیدانێک بووە بۆ تێکۆشانی ماندوویی نەناسانەی ژنانی نیشتمانپەروەر و ئازادیخوازی کوردستان. بە تێکۆشانی دڵسۆزانەی ژنانی یەکسانیخواز و دیموکرات، ئەم ڕێکخراوەی ژنان، توانیوێتی قۆناغە جۆراوجۆرەکان ببڕێ و ئەمڕۆجێژنی ٧٠ ساڵەی دامەزرانی بگرێ. بەڕێزت ساڵانێک وەک سکرتێری یەکیەتیی ژنانی دیموکرات لەم ڕێکخراوە دا بەرپرسایەتیت لە سەر شان بووە و ڕۆڵت لە بەردەوامی و بەرەوپێشچوونی تێکۆشانی یەکیەتییەکەمان دا هەبووە.
وەک پێزانین و سوپاس لە زەحمەت و تێکۆشانت لە ماوەی بەرپرسایەتییت لە یەکیەتیی ژنانی دیموکرات دا، بە ئەرکی خۆمان زانی لە یادی ٧٠ ساڵەی دامەزرانی ئەم ڕێکخراوە دا، ئەم لەوحی ڕێزلێنانەت پێشکەش بکەین. هیواداریـن لەمەودواش هەر پشتیوان و هاوکاری یەکیەتیی ژنان بی و لە ئەزموون و تواناکانت بێبەشی نەکەی.

کۆمیتەی بەڕێوەبەریی
یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان
٢٤ی ڕەشەمەی ١٣٩٤
١٤ی مارسی ٢٠١٦



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ڕێز لێنان بە بۆنەی ٧٠ ساڵەی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان

## ڕێزلێنان

خاتوونی بەڕێز: ئەستی ئیبراهیمی

لە گەڵ ڕێز و سڵاو،

یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان هەر لە ڕۆژی دامەزرانییەوە تا ئێستا مەیدانێک بووە بۆ تێکۆشانی ماندوویی نەناسانەی ژنانی نیشتمانپەروەر و ئازادیخوازی کوردستان. بە تێکۆشانی دڵسۆزانەی ژنانی یەکسانیخواز و دیموکرات، ئەم ڕێکخراوەی ژنان، توانیویتی قۆناغە جۆراوجۆرەکان ببڕێ و ئەمڕۆجێژنی ٧٠ ساڵەی دامەزرانی خۆی بگرێ. بەڕێزت زیاتر لە ٢٠ ساڵە وەک ئەندامێکی دڵسۆز و ڕێکوپێک و ئەرکناس لە ڕیزەکانی یەکیەتیی ژنانی دیموکرات دا دژی نایەکسانی و بێمافیی ژنی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانو بۆ ئامانجی ئینسانی و پێشکەوتنخوازانە و نەتەوەیی ڕیکخراوەکەمان خەبات دەکەی.

وەک پێزانین و سوپاس لە ئاست ڕابردووی درێژی تێکۆسانت لە یەکیەتیی ژنانی دیموکرات دا، بە ئەرکی خۆمان زانی لە یادی ٧٠ ساڵەی دامەزرانی ئەم ڕێکخراوە دا، ئەم لەوحی ڕێزلێنانەت پێشکەش بکەین. هیوادارین لەمەودواش هەر وا دڵسۆزانە و چالاکانە لە ڕیزەکانی یەکیەتیی ژنان دا تێبکۆشی و بۆ ئەندامانی ئەم ڕێکخراوەیە هەر وا نموونە و سەرمەشق بی.

کۆمیتەی بەڕێوەبەریی
یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان
٢٤ی ڕەشەمەی ١٣٩٤
١٤ی مارسی ٢٠١٦

## ڕێزلێنان

خاتوونی بەڕێز , نەجیبە ئەمینی ( پوورە نەجیب

لە گەڵ ڕێز و سڵاو ،

یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان هەر لە ڕۆژی دامەزرانییەوە تا ئێستا مەیدانێک بووە بۆ تێکۆشانی ماندوویی نەناسانەی ژنانی نیشتمانپەروەر و ئازادیخوازی کوردستان. بە تێکۆشانی دڵسۆزانەی ژنانی یەکسانیخواز و دیموکرات، ئەم ڕێکخراوەی ژنان، توانیویتی قۆناغە جۆراوجۆرەکان ببڕێ و ئەمڕۆجێژنی ٧٠ ساڵەی دامەزرانی خۆی بگرێ. بەڕێزت زیاتر لە ٢٠ ساڵە وەک ئەندامێکی دڵسۆز و ڕێکوپێک و ئەرکناس لە ڕیزەکانی یەکیەتیی ژنانی دیموکرات دا دژی نایەکسانی و بێمافیی ژنی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانو بۆ ئامانجی ئینسانی و پێشکەوتنخوازانە و نەتەوەیی ڕیکخراوەکەمان خەبات دەکەی.

وەک پێزانین و سوپاس لە ئاست ڕابردووی درێژی تێکۆشانت لە یەکیەتیی ژنانی دیموکرات دا، بە ئەرکی خۆمان زانی لە یادی ٧٠ ساڵەی دامەزرانی ئەم ڕێکخراوە دا، ئەم لەوحی ڕێزلێنانەت پێشکەش بکەین. هیوادارین لەمەودواش هەر وا دڵسۆزانە و چالاکانە لە ڕیزەکانی یەکیەتیی ژنان دا تێبکۆشی و بۆ ئەندامانی ئەم ڕێکخراوەیە هەر وا نموونە و سەرمەشق بی

کۆمیتەی بەڕێوەبەریی
یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان
٢٤ی ڕەشەمەی ١٣٩٤
١٤ی مارسی ٢٠١٦



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



# ڕێزلێنان

خاتوونی بەڕێزکوێستان فتووحی
لە گەڵ ڕێز و سلاو،
ماوەی نزیک بە ١٤ ساڵە، گۆڤاری "ژنان" بووە بە ڕاگەیەن و بڵاوکراوەی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان. لە ڕێگای ئەم گۆڤارەوە، نووسین و بەرهەمی فکر و ئەزموونی ژنانی دیاری نێو ئەم یەکیەتییە و ڕاپۆرتی چالاکی و تێکۆشانی ڕێکخراوەکەمان بە ئاگاداریی هۆگران و خوێنەران گەیشتووە. گۆڤاری" ژنان" ئاڵقەیەکی بە هێزی پێوەندیی نێوان نووسەران و بەڕێوەبەرانی گۆڤارەکەو خوێنەران، هەر وەها پردی پێوەندیی نێوان بەڕێوەبەری و ئەندامانی یەکیەتیی ژنانی دیموکرات بووە.
بەڕێزت جگە لەوەی لە دامەزرێنەران و یەکەم بەڕێوەبەرانی گۆڤاری "ژنان"ی، هەر لە سەرەتاوە تا ئێستا، بە نووسین و وەرگێڕان و هەر وەها بە ئامادەکردن و دیزاین وکارەکانی دیکەی ئەو گۆڤارە، ڕۆڵێکی بەرچاوت لە بەردەوامییەکەی دا هەبووە. بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنانی دیموکرات ، لە ٧٠ ساڵەی دامەززرانی دا، بە ئەرکی خۆی دەزانێ بە پێزانینەوە ئاوڕ لە زەحمەتەکانت بداتەوە و بە هۆی ئەم لەوحەوە سپاس و ڕێزلێنانی خۆی بە بەڕێزت ڕابگەیەنێ.
بەو هیوایەی لەمەودواش هەر پشتیوان و هاوکاری بە نرخی گۆڤاری "ژنان" و یەکیەتییەکەمان بی.
کۆمیتەی بەڕێوەبەریی
یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان
٢٤ی ڕەشەمەی ١٣٩٤
١٤ی مارسی ٢٠١٦



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

زانستی

# سوودەکانی میوە



میوە لە دیارییە هەرە بەنرخەکانی سروشتە بەشێکی سەرەکیی خۆراکی مرۆڤ و هەروەها سەرچاوەی دەوڵەمەندی ڤیتامین، کانزا و دژەئۆکسایدەکانی وەک پۆلی فنۆلیکە. میوە کالۆری و چەوریی کەمە و شەکرەکەشی ساکار و بێ زەرەرە، فایبەرەکەی لە ئاودا دەتوێتەوە، کۆلێسترۆڵ و چەوریی لەش ناهێڵێ و گەدە و ریخۆڵە خاوێن دەکاتەوە و رێ لە شێرپەنجە، قەبزی و بەوەسیرییش دەگرێ. ئەو مادانەی کە لە میوەی شین و بەنەوشی وەک ترێ، تووی رەش و شاتوو و هەروەها ئەو پەنجارانەی کە رەنگیان بە لای بەنەوش و ئەرخەوانیدا دەشکێتەوە، بۆ وێنە رەشە ریحانە، کەلەرم و چەوەندەری سوور، زۆر مەترسیدارن. بۆیە دەبێ ئەوەندەی بۆمان دەکرێ خۆمان لەو میوە بەرواڵەت جوانانەی وەک خەیاری خانووە پلاستیکییەکان، تووەفەرەنگیی زەلامی بریقەدار، کە بە زەبری هۆرمۆن، پەین و دەرمانی بەزەری کیمیاوی بەرهەم دێن و تامی پلاستیک دەدەن، بپارێزین. وا باشترە روو لە میوەی خۆماڵی و سروشتی بکەین کە رەنگە وردیلانە بن، بەڵام تەندروستترە. میوەی وشکیش زۆر گرینگە، چونکە سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی کانزای وەک ئاسن، کالسیۆم، زینک، سیلینیۆم و مەنگەنیزە. خواردنی کشمیش، مێوژ، هەنجیر، قەیسی، هەرمێ، سێوی وشک و خورماش زۆر پێویستە. بۆ ئەوەی قوڕ، چەوری و مادەی کیمیاویی بە میوەوە نەمێنێ، وا باشترە لە ئاوەخوێدا رابگیرێ و پاشان بە ئاوی سارد بشۆردرێتەوە و بە تازەیی بخورێ، چونکە میوەی ترشاو، رزیو، پلیخاو بێ کەڵکە. دەکرێ هێندێک میوە و سەوزەی وەک: سێو، گێزەر و کەلەرم لە سەلاجەدا رابگیرێن و هێندێکی تریشیان وەک : پەتاتە، تەماتە، مۆز، لیمۆی ترش و شیرین لە شوێنێکی وشک و فێنکدا دابنرێن. با شوێنی بیبەر و کوولەکەش وشک و نەختێک گەرم بێ. بۆ نموونە، ئەگەر تەماتە بخرێتە سەلاجەوە، تام و مادە بەسوودەکانی لە دەست دەدا و گۆشتەکەشی کفەڵ و وشک دەبێ. بۆ ئەوەی میوەش باش بگا و تامی خۆشتر بێ، وا باشترە، لە سەلاجەدا رانەگیرێ، چونکە بە کاڵی دەمێنێتەوە. هەروەها ئەگەر میوەکە جوان گەییبێ بۆ پاراستنی تامەکەی لە سەلاجەدا بێ، باشترە پزیشک و پسپۆڕانی خۆراکیش پێیان وایە دەبێ میوە، پەنجار و زەلاتە لە خورێنی و بەر لە ژەمەکان بخورێن، بۆ ئەوەی خێرا ڤیتامین و مادەی بەسوودەکەیان بچێتە خوێنەوە و ژار و مادە

ئەمرۆ بەکارهێنانی دژەئۆکسیدەکان دیاردەیەکە کە لە زیادبووندایە، چونکە گرنگە بۆ هێشتنەوەی تەندروستیەکی باش و دوور لە شێرپەنجە، وە سەلمێنراوە کە میوە چاکترین سەرچاوەیە بۆ ئەمە. چونکە دەوڵەمەندن بە کانزا و ڤیتامینی سود بەخش کە باشن بۆ تەندروستی هزر و لەش.

زۆربەی میوەکان ئاسنیان تێدایە کە هیمۆگلۆبین [خرۆکە سورەکانی خوێن] زیاد دەکات و یارمەتی گواستنەوەی ئۆکسجین لە خوێندا دەدات و کۆئەندامی بەرگری بەهێز دەکات. کانزاکانی تری ناو میوە بریتین لە پۆتاسیۆم و سۆدیۆم و مەگنیزیۆم. هەروەها چەندین ڤیتامینیان تێدایە کە کار و کارلێکەکانی ناو لەش ئاسان دەکەن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# گرینگترین سوودەکان هەنگوین ئەمانەن



زاناکان باس لە گرنگی هەنگوین دەکەن، کە لە ڕووی تەندروستییەوە بۆ بەشی
ناوەوەی جەستەو دەرەوە سوودی زۆرە
یارمەتی گەدە ئەدات بۆ هەرس کردن.
شیرینی هەنگوین کەمتر زیان بە ددان دەگەیەنێت.
بۆ کەمکردنەوەی ژانی جومگەکان و هەوکردن ناهێلێت.
تێکەڵکردنی هەنگوین و زەیتی زەیتوون بۆ جوانکردنی ڕەنگی دەم و چاو بە سوودە.
تێکەڵکردنی هەنگوین و ئاوی گێزەر بۆ کەمکردنەوەو نەمانی زیپکەی دەموچاو سوودی باشی هەیە.
بۆ بەهێزکردنی لەش و ئارامی دەروون

# نەخۆشی کۆڵۆن

نەخۆشی کۆڵۆن خەلەلێکی وەزیفیە واتە (ئەندامی) نییە، ئازاری سک و قەبزی یا ڕەوانی و هەروەها هەڵئاوسانی سکیشی لەگەڵدایە، ئەم نەخۆشیە کاردەکاتە سەر ڕەوتی ژیانی ڕۆژانەی نەخۆشەکە، ئەگەری توشبونیشی لە پیاواندا کەمترە وەک لە ژنان.

هۆکارەکانی توشبون:هۆکاری توشبون بەم نەخۆشیە زۆربەی کات پەیوەندی بەباری سایکۆلۆژیای نەخۆشەوە هەیە، گۆڕانی جوڵەی کۆئەندامی هەرس و هەروەها جۆری خواردن وەک گەنم و بەربومی دانەوێڵە، ٥٠لە سەدی هۆکاری توشبون بەم نەخۆشیە پەیوەندی بەباری دەرونی ئەو کەسەوە هەیە وەک دڵەراوکێ و خەمۆکی.

چارەسەر: کەمکردنەوەی ناجێگیری باری دەرونی، کە هۆکارێکی گرنگی چارەسەری توشبوون بەم نەخۆشیەیەوە، کەمکردنەوەی خۆراکی دانەوێڵە و پاقلەمەنیەکان ئەگەر پێویستی کرد.





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# کارو چالاکییەکانی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان

سەر لە بەیانی رۆژی پێنجشەممە ١ی ریبەندان، کۆبونەوەی کۆمیتەی بەرێوبەری یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان بەرێوە چوو.

بە پێی پێرەوی ناوخۆی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان کۆبونەوەی بەرینی یەکیەتیی ژنان بە بەشداری هەموو ئەندامانی ئەسلی و مووشاویرانی لە کوردستان پێک هات.کۆبونەوەکە بە ساتێک وەستان بۆ رێزگرتن لە گیانی پاکی هەموو شەهیدانی کوردستان دەستی پێ کرد.سەرەتا خاتوو سۆهیلا قادری سکرتێری ئەو رێکخراوەیە، باسی لە کاروچالاکی و ئالۆگۆریەکانی سێ مانگی رابردووی یەکیەتیی ژنان کرد.دواتر بەشدار بووانی ئەم کۆبۆنەوەیە بە راو بۆچۆن و پێشنیارەکانیان کۆبۆنەوەکەیان دەولەمەندتر کرد.دوای گفتوگۆیەکی زۆر و تاوتۆی چالاکیەکانی یەکیەتی ژنان لە لایان بەرێوبەریەوە، تەئکید لەسەر کاری زیاتر و بەردەوام کرایەوە و هەموو ئەرکدار کران کە هەوڵ بدەن بۆ هەرچی باشتر بەرێوە چوونی کارەکان.







## تۆری چەتری رێکخراوەکان یادی دووساڵەی دامەزرانی کردەوە





رۆژی سێ شەممە ٢٠١٦/١/٢٦تۆری چەتری رێکخراوەکان لە ژێر دروشمی "لە سایەیی پێشمەرگە، چالاکیەکانمان بەردەوامە"لە هۆلی سەنتەری گەنجانی کۆیە بە بەشداری کۆمەلێک کەسایەتی یادی دوو ساڵەی دامەزراندنی کردەوە.ئەو رێکخراوەیە بە چەند چالاکی وبرگەی جیاواز یادی دوو ساڵەی رێکخراوەکەی بەرز راگرت.شایانی باسە کە هەیێەتێکی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان پێک هاتوو لە خاتوو تامان محەمەد وخاتوو موژگان عەلیپوورئەندامی کۆمیتەی بەرێوبەری ،خاتوو سووراڵە وەیسی وخاتووشوشە مەدەنی ئەندامی یەکیەتیی ژنان بەشداریان لەو رێورەسمە داکرد و ربروسکەی پیرۆزبایی رێکخراوەکەیان پیشکەش بە تۆری چەتری رێکخراوەکان کرد.

## کوبونەوەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان
## کۆمیتەی سۆران پێک هات

ڕێکەوتی ٩٤/١١/٩کوبونەوەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان کۆمیتەی سۆران پێک هات.لەو کوبونەوە دا بەشدار بووان باسیان لە چۆنێتی وەدەست هێنانی مافی رەوای ژنان کردوهەموو بەشدارانی کۆبونەوەکە راو بۆچونی خویان باس کرد.لە کۆتایی دا جەخت لە سەر کاری زیاتر و بەردەوام بۆ پێشوازی و خۆ ئامادە کردنی ٨ی مارس رۆژی جیهانی ژنان کرا.



## یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان سەردانی ئەندامانی کەمپی گردەچاڵیان کرد



دوا ی نیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە ٨ی ڕێبەندان، یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان سەردانی ئەندامانی کەمپی گردەچاڵیان کرد،بە مەبەستی کۆبوونەوە لەگەڵ ئەندامانی ئەو ڕێکخراوەیە، کە بەخۆشحاڵییەوە ڕێژەیەکی زۆر لە ئەندامان ئامادە بوون،لە کۆبوونەوەکەدا گفتووگۆیەکی زۆر لەنێوان ئەندامان و ئەندامانی بەڕێوەبەری کرا کە لەو گفتووگۆیەدا رەخنەو پێشنیاری زۆر کراو لەکۆتایی دا بە دلسۆزیەوە ئامادەگی خۆیان بۆ هەرچەشنە کارێک و هاوکاریەک دەربری.شایانی باسە ئەندامانی بەڕێوەبەری(شلێر مەحموودی وەک جێگری سکرتێری یەکیەتیی ژنان و ئایشێ عیسانژاد وەک بەرپرسی ئامووزش وە تامان محمدی وەک بەرپرسی تەشکیلات وەهەروەها هەریەکە لە مریەم عبدولی و سروە نووسرەتی وەکوو مشاویرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکرات ئامادەی کۆبوونەوەکە بوون



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەڕێوەچوونی کۆنفرانسی ساڵانەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی سوئێد

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٧-٠٢-٢٠١٦ کۆمیتەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی سوئێد بە بەشداری زۆرینەی ئەندامانی ڕێکخراوی یەکیەتیی ژنان کۆنفرانسی ساڵانەی خۆی پێکهێنا. سەرەتا لە لایەن خاتوو ئەسرین ئیسماعیلی ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری و هەروەها وەک بەریوەبەری کۆنفرانس

بەخێر هاتنی گشت لایەک کرا و ئامانجی سەرەکی گرتنی کۆنفرانسی بۆ بەشداران شی کردەوە، دوای سروودی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیب و خولەکێک بێ دەنگی بۆ ڕێز گرتن لە شەهیدانی کوردستان کۆنفرانسەکە راستەوخۆ دەستی بە کارەکانی خۆی کرد.

خاتوو ئەسرین ریزی کاری کۆنفرانسی پێشکەش کرد و ناوی دیوانەکانی بەڕێوەبەری و دیوانی قەتعنامە خوێندوە و دواتر لە لایەن بەشداربووانەوە پەسەند کران.

دیوانی یەکەم پێکهاتبوو لە خاتوو نازدار کرمانجی و خاتوو شیلان ساڵحی، ئەو بەرێزانەش وێرای پێشکەش کردنی باسێکی کورت داوایان لە خاتوو نەسرین محەممەدی وەک ئەندامی چالاکی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی سوئێد کرد کە بێت و بە پێشکەش کردنی وتارێک کۆنفرانسەکە بەرەسمی بکاتەوە.

خاتوو نەسرین وێرای پیرۆزبایی و خۆشحاڵی دەبرینی خۆی گووتی: کار کردن لەو ڕێکخراوەیەدا بۆ من جێگای شانازی‌یە و بە ئەرکی سەر شانی خۆمی دەزانم کە بۆ گەشەکردنی ئەو ڕێکخراوەیە لەگەڵ هاورێیانم شان وەبەر کارو چالاکی‌یەکانی ئەو ڕێکخراوەیە بدەم، هاوکات ئاوڕێکی خێرای لە تێکۆشانی ژنان لە نێوخۆی وڵات، ئەو کاتانەی کە لە تەنیشت برا پێشمەرگەکان خەریکی بەڕێوەبردنی ئەرکی خۆیان بوون دایەوە و چەند نموونەیەکی لە کار و ئەرکەکانی یەکیەتیی ژنان لە شاخ و لە بنکەکانی تایبەت بەو ڕێکخراوەیە هێنایەوە و باسی لە خۆراگری ژنانی کورد لە هەموو بوارەکانی ژیان دا و بە تایبەت ژنانی پێشمەرگە و ئەندامانی ئەو ڕێکخراوەیە کرد .

لە بڕگەیەکی دیکەی دا خاتوو سکاڵ وێرای سوپاس و ڕێزگرتن لە بەشداری ئەندامانی ڕێکخراوەکەیان لە کۆنفرانس‌دا گووتی کە بەشداری چالاکانەی ئەندامان لە کۆڕو کۆبوونەوەکان و لە کۆنفرانسەکان دا مایەی دڵگەرمی و نیشانەی ڕێز لە کارو تێکۆشانی خۆتانە.

باسی بەڕێزیان ئاوردانەوەیەک بوو لە چۆنیەتی کاری ڕێکخراوەیی و کۆمیتەی شارەکان و بەشداری ئەندامان و هەروەها چۆنیەتی بە دەنگەوە هاتنی بەشداران و کۆمیتەکان بە کاری کۆمیتەی گشتی لە وڵاتی سوئێد.

بەدوای ئەودا خاتوو لەیلا محەممەدی ئەندامی کۆمیتەی بەریوەبەری یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان لە سوئێد ڕاپۆرتی کار و چالاکی‌یەکانی ئەو ڕێکخراوەیە لە نێوان دوو کۆنفرانس دا پێشکەش کرد .

دوابەدوای پێشکەش کردنی ڕاپۆرتی کار و چالاکیەکان، خاتوو کوێستان بابایی باسی ڕاپۆرتی دارایی کۆمیتە پێشکەش کرد. بەڕێزیان داهات و دەرکەوتەکانی کۆمیتەی بۆ بەشدارن خوێندەوە .

شایانی باسەکە بەشێکی بەرچاو لە بەشداربووان زۆر بە دڵسۆزی و بە خەمخۆری‌یەوە ئاوڕیان لە نێوەرۆکی هەر سێ ڕاپۆرتەکان دایەوە و بە سرنج و تێبینی و ڕەخنە و پێشنیارەکانیان تیشکیان خستە سەر ڕاپۆرتەکان و بە ئاماژە کردن بە باسەکانی هەر سێ ڕاپۆرت بە دەربرینی بیروبۆچوونی خۆیان، نێوەرۆکی راپۆرتەکانیان دەوڵەمەندتر کرد و لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵێک تێبینی و پێشنیاریان بۆ کاری داهاتووی ڕێکخراوی یەکیەتیی ژنان و بۆ چارەسەری کەم و کوری‌یەکان باس کردن.

دوای دەربرینی بیروڕای بەشداران و وەڵامدانەوەی بەشێک لە پرسیارەکان لە لایەن بەرپرسانی تەشکیلات و داریی کۆمیتە، ئەمجار لە لایەن بەشدارانەوە بە تێکرای









کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕێکخراوەیە، لەوحەی ڕێزلێنان و گوڵیان پێشکەش بە بەشێکی بەرچاو لە ئەندامانی ئەو ڕێکخراوەیە کرد.

دوای پشوو و لە بەشی دووهەم دا دیوانی دووهەم خاتوو موژدە عەزیزی و خاتوو نەدا شەهبازی درێژەیان بە کارەکانی کۆنفرانس دا و داوایان کرد کە لە سەر بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی یەکیەتیی ژنانی دیموکرات لە وڵاتی سوئێد بیرو بۆچوون و تێبینییەکانی خۆیان دەر ببرن و لەم بەشەش دا داوا کرا کە بە دڵسۆزییەوە بەشداری لەو پرسە دا بکەن. لە درێژەی کاری کۆنفرانس خاتوو شوعلە قادری وەک ئەندامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان و ئەندامی کۆمیتەی ئامادەکاری کۆنفرانس لە بەشی هەڵبژاردن دا چەند وتەیەکی لە سەر کاری ئەو ڕێکخراوەیە و ئەرکی ئەندامان و ژنانی کورد باس کرد.

لە برگەی هەڵبژاردندا چەندین کەس لە ئەندامانی بەشدار لە کۆنفرانس بە هەست کردن بە بەرپرسایەتی لە ئاست ڕێکخراوەکەیان دا خۆیان بەربژێر کرد و لە پرۆسەیەکی تەواو دێموکراتیک دا کۆمیتەیەکی نوێ بۆ بەڕێوەبەری کار و چالاکیەکانی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە سوئید هەڵبژێردرایەوە.

شایانی باسە کە بەرنامەی کاری کۆنفرانس بەدەنگی بلاوێنی هونەرمەندی لاو و ئەندامی یەکیەتیی ژنانی دێموکرات خاتوو باوان کەریمی کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا.

## بەڕێوەچوونی سمیناری ٨ی مارس



سەر لە بەیانی رۆژی سێ شەممە ١٨ی رەشەممە ، بەرامبەر بە ٨ی مارس رۆژی جیهانی ژنان بەشی ئامووزشی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کورستان سمێنارێکی بۆ هەریەک لە بەرێزان مامۆستا فازڵ شەورۆ نووسەر و شاعیری شاری کۆیە لە ژێرناوی 'جوانتر کردنی پێوەندییەکانی خۆشەویستی'، و خاتووشلێر مەحموودی ئەندامی بەرێوەبەریی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە ژێرناوی 'وردبوونەوەیەک لە فیمینیزم'پێک هێنا. لە سەرەتای سمینارەکە دا خاتوو شاناز کاکە ئازەر لە لایەن یەکیەتی ژنانەوە بەخێر هاتنی هەموو بەشدارانی سێمینارەکەی کردو بە کورتی باسێکی لەسەر ٨ی مارس پێشکەش کرد . پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان، لەلایان خاتوو موژگان عەلیپوور ئەندامی کومیتەی بەرێوبەری یەکیەتیی ژنانەوە پێشکەش کرا.دواتر خاتوو شلێر مەحموودی باسەکەی خۆی کە بریتی بوو لە 'وردبوونەوەیەک لە فیمینیزم پێشکەش کرد.لە برگەیەکی دیکەی ئەو سمینارەدا مامۆستا فازڵ شەورۆ باسەکەی خۆی کە بریتی بوو لە "جوانتر کردنی پێوەندییەکان لە نێوان ژن و پیاو دا"، پێشکەش کرد. شایانی باسە کۆمەڵێکی بەرچاو لە ئەندامانی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان و کەسایەتی و تێکۆشەری ژن و پیاوی ناوریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆمەڵێکی میوان لەو سمینارەدا بەشدار بوون









کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان ماراتۆنێکی وەرزشی بەرێوە برد.





یەکیەتیی ژنان لە زنجیرە چالاکییەکانی لە بەرەبەری ٢٤ی رەشەممە ،یادی ٧٠ ساڵەی دامەزرانی رێکخراوەکەی کە لە ٨ی مارس را دەستی بە چالاکی کردووە، بەردەوامە.

دوای نیوەرۆی رۆژی پێنج شەممە ٢٠ی رەشەممە، بەشی ئاموزشی یەکیەتیی ژنان ماراتۆنێکی وەرزشی بۆ ئەندامانی ئەم رێکخراوەیە بەرێوە بردکە لە کێبرکێی نێوان بەشدار بووان بە داوەری ئاکام ئیزەدپەنابە رێوە چوو، سێ کەس لەکەسانی براوە ، پلەی یەکەم خاتوو نەسرین ئوفتادە و دووهەم خاتوو ئامین ئەحمەدزادە و سێهەم خاتوو گوڵێ خنکاڵی لە لایان یەکیەتیی ژنانەوە خەڵات کران.

شایانی باسە خەڵاتی کەسانی براوە لە لایان خاتوو تووبا پوورئەحمەدی، ژنە تێکۆشەری دیرینی ناو ریزەکانی حیزبی دێموکراتەوە پێشکەش کرا.

## بەڕێوەچوونی فستیڤاڵی کوولتووریی هونەریی











رۆژی شەممە رێکەوتی ٢٢ی رەشەممە یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە بەرەبەری یادی ٧٠ساڵەی خۆیدا فستیڤاڵێکی کولتووری هونەریی لە قەڵای دێموکرات بەرێوە برد.

ئەندامانی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە کەش و هەوایەکی شاددا بە زیندوو راگرتنی کەلەپووری کوردی و بە جل و بەرگی ئالاو والای کوردی رەسەن و بە گوتنی لایەلایەو مەشکەژاندن و پێداهەڵگووتنی مەشکەو وخوێندنەوەی شێعر و خواردنی چێشتی کوردەواریی و هەڵپەڕکێ و شادی بەرەوپیلی یادی ٧٠ساڵەی خۆیانەوە چوون . ئەو فستیڤاڵە بە بەشداری سکرتێری گشتی حیزب و ئەندامانی رێبەریی و بەشێکی بەرچاو لە کادر و پێشمەرگەو ئەندامانی یەکیەتی ژنان بەڕێوە چوو و لە کەشو هەوایەکی دۆستانەو و خۆشدا لەگەڵ سرووشتی جوانی بەهاردا تێکەڵ بوون و کات و ساتێکی شادیان بە یەکەوە بەڕێوە برد.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ڕۆژی نێونەتەوەیی ژن، واتە ٨ی مارس لە نۆرویژ بەڕێوەچوو

ناوەندی هەواڵ_نۆرویژ: ڕۆژی ٣شەممە، ڕێکەوتی ٨ی مارسی ٢٠١٦ی زایینی، جێژنی نێونەتەوەیی ژن، ٨ی مارس لە ساڵۆنی کولتووری شاری لیللەسترۆم بە سەرپەرەستی شارەوانی شێشمۆ وبە بەشداری یەکێتی ژنان ،کۆمەڵەی کولتوری کوردی و چەندین نەتەوەی جیاواز بەڕێوەچوو.

سەرەتا لەلایەن نینا لانگفێ ئەندامی دەستەی بەڕێوەی هەشتی مارس بەخێرهاتنی بەشداربوان کرا.

ئینجا بەرپرسی بەشی کولتووری شارەوانی شێشمۆ، بەڕێز شێشتەن ئارنەسن باسێکی لەسەر چۆنیەتی بەڕێوەبەری جێژنەکە و هۆکاری گرتنی هەشتی مارس بەشێوەی تێکەڵ لە گەڵ هەموو نەتەوکوەکان کرد و باسی لە سەر چۆنیەتی کارکردن لە شارەوانی شێسمۆ کرد، ناوبراو وتی کە ڕۆڵی ژن لە کۆمەڵگادا زۆر بەنرخ و بەرچاوە، بەڵام ئەوە بەو مەعنایە نیە کە ئێمە بە تەواوی مافەکانمان گەیشتوون، ڕەنگە لە وڵاتانی پێشکەوتوو ژن موشکیلەی نەبێ، بەڵام من کە دەڵێم بە تەواوی بە مافەکانی خۆمان نەگەیشتوو، مەبەستم تێگرای ژنە لە هەموو جیهاندا و بەتایبەت ئەمرۆ لەوەڵاتە پێشکەوتوەکانیشدا دەبینین کە ژن زوڵمی لێدەکرێ..

پاشان مەحبوبە ڕەحیمی بەرپرسی یەکێتی ژنانی دیموکراتی کوردستان لە نۆرویژ، پەخشانێک کە تایبەت بوو بە بەرابەری ژن و پیاو بە زبانی نۆروێژی پێشکەش کرد.

دواتر شابانە ڕەحمان چالاک لە بورای ژناندا و سیاسەتمەدار لە حیزبی کاری نۆرویژ، باسێکی تێروتەسەلی لە سەر ژنان و چۆن تێکەڵ بوون لە گەڵ سیستەم و کولتوری جایاواز پێشکەش کرد، لە بەشێک لە باسەکەی هاتبوو کە ئێمەی ژن بە چەساوەی لە دایک نەبووین، ئێمە دەبێ بۆخۆمان هیمەت بکەین و بێینە مەیدان و بیسەلمێنین کە منی ژنیش وەک تۆی پیاو خاوەنی خۆمم و خواەنی بڕیاری خۆمم. لە بەشێکی دیکەی باسەکەیدا وتی، ئێمەی ژنی خاریجی کە هاتوینە ئوروپا ئێستاشی لە گەڵبێ زۆربەی ئێمە باوەڕمان بەخۆمان نیە، چ بکەین تا ئەم کولتورو بیرە تەسکە لە ناو خۆماندا بکوژین.

شایی و موزیکی کوردی بەشێکی دیکەی بەرنامەکە بوو.

شایانی باسە ئەوە چوارمین ساڵە کە یەکێتی ژنانی دیموکراتی کوردستان وەک یەکێک لە پێکهەنەری ئەسڵێکانی جێژنی نێونەتەوەیی ژنە..

جێگای ئاماژەپێکردنە کە بەشێکی بەرچاو لە ئەندامانی یەکێتی ژنان و کۆمەڵەی کولتوری کوردی بەشداری جێژنی ٨ی مارس بوون

یەکێتی ژنانی دیموکراتی کوردستان، نۆرویژ







کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان ڕێوڕەسمێکی بەبۆنەی ٧٠ ساڵەی دامەزرانی خۆی پێکـهێنا.





لەو ڕێوڕەسمەدا کە ڕۆژی دووشەممە، ٢٤ی ڕەشەممەی ١٣٩٤ی هەتاوی، بەبەشداریی ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامانی ئەم یەکیەتییەو دەیان کادرو پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانو بە ئامادەبوونی کۆمەڵێکی زۆر میوان بەڕێوەچوو، ڕێز لە یادو بیرەوەریی دامەزرێنەرانی ئەو یەکیەتییەو لە سەروو هەموویانەوە مینا خانم قازی، هاوژینی پێشەوا قازی محەممەد، سەرۆک کۆماری کوردستان نرا.

ئەم ڕێوڕەسمە بە سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیب و ساتێک بێدەنگیی بۆ ڕێزلینان لە یادی شەهیدان دەستی پێ کردو لە سەرەتای ڕێوڕەسمەکەدا پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەلایەن قادر وریا، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە پێشکێش کرا.

لە بڕگەیەکی دیکەی ئەو ڕێورەسمەدا پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بەم بۆنەوە لەلایەن سۆهەیلا قادری، سکرتێریی گشتیی ئەم یەکیەتییە پێشکێش کرا.

سروودی "گورەی ئاسمان" بڕگەیەکی دیکەی ئەم ڕێوڕەسمە بوو کە لەلایەن کۆڕسی یەکیەتیی ژنانو بە هاوکاریی کۆڕی هونەریی پێشکەشی ئامادەبووان کرا.

لە بەشێکی دیکەدا، پەیامی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە بەم بۆنەوە ئامادە کرابوو، لەلایەن شەونم هەمزەیی، ئەندامی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی لاوانەوە خوێندرایەوە.

لەنێوئاخنی بەرنامەکانیشدا ئاماژە بە ناوی ئەم کەسو لایەنانە کرا کە بەبۆنەی ٧٠ ساڵەی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانەوە چەپکەگوڵی پیرۆزباییان ناردبوو.

دوابەدوای ئەوە گۆرانیی "کیژان دەچنە مێرگۆڵان" بە دەنگی شیرین شەریفی پێشکەش کراو لە بڕگەیەکی دیکەی ڕێورەسمەکەدا، یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان پێدانی لەوحی تەقدیر ڕێز لەو ژنانە گیرا کە لە مێژووی ئەو ڕێکخراوەیەدا وەک سکرتێری دە ساڵی پێشووی ئەم ڕێکخواوەیە خزمەتیان بەم ڕێکخراوە کردوە.ئەو خاتوونانە،خاتوو عسمەت نستانی،خاتوونەسرین حەداد ،خاتوو حەلیمە رەسووڵی بوون.

هەر لە درێژەی ئەم بەشەدا لەوحی ڕێزلینان بە خاتوو خەجیجە مەعزوور،خاتوو زیبا سەروەریبە بەخشراکە دەیان ساڵە لە ڕیزی خەباتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانو یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستاندا بەشدارانو تا ئیستاش لە ڕێکخراوەی یەکیەتیی ژنان چالاکن.هەر لەوو بەشەی ڕێزلێنان لە لایان یەکیەتیی ژنان،ڕێز لەو ژنانە گێرا کە هەمووی تەمەنی خۆیان لە خزمەت حیزبی دێموکرات



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



ویەکیەتیی ژنان دابوون ئەو خاتوونانە
،پوورە نەجیب ئەمینی و خاتوو ئەستی
ئیبراهیمی بوون و هەروەها ڕێز لە
خاتوو شۆعلە قادری گیرا کەچەند دەورە
بەرپرسایەتیی دەرەوەی وڵاتدا لە ڕیزی ئەم
ڕێکخراوەیەدا دڵسۆزانە لە خزمەت ژنان دا
بووە .

هەر لەم بەشەدا ڕێز لە خاتوو کوێستان
فتووحی گێرا کە لە سەرەتای بڵاوبوونەوەی
گۆڤاری ژنان، ئۆرگانی یەکیەتیی ژنانی
دێموکراتی کوردستانەوە هاوکاری ئەم گۆڤارە
بووە.

لە برگەیەکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمەدا
شانۆی دایە گەورە پێشان درا کە بەرهەمی
بەشی هونەریی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی
کوردستان بوو.

ڕێوڕەسمی ٧٠ ساڵەی دامەزرانی یەکیەتیی
ژنانی دێموکراتی کوردستان بە شاییو شادیی
ئامادەبووان کۆتایی پێهات.













کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# یەکیەتی ژنانی دیموکراتی کوردستان ریزی لە کۆمەلێک لە هاوکارانی ماوەی رابردووی رێکخراوەکەی گرت.



یەکیەتی ژنانی دیموکراتی کوردستان رێزی لە کۆمەلێک لە هاوکارانی ماوەی رابردووی رێکخراوەکەی گرت.

سەر لە بەیانی رۆژی یەک شەممە ٨ی خاکەلێوە یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان بە لەوحێکی رێزلێنان ریزی لەو کەسانە گرت کە لە بەرەبەری یادی ی٧٠ساڵەی دامەزرانی رێکخراوەکەی بۆ باشتر بەریوەچوونی کاروچالاکییەکان هاوکار بوون و رێز وپێزانینی خۆی پێشکەش بەو بەرێزانە کرد.ئەو بەریزانەش پشتیوانی دووبارەی خۆیان بۆئەو رێکخراوەیە دووپات کردەوە.









کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# سمیناری ٨ی مارس لە وڵاتی نوتریش

یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان لە ئوتریش بە بۆنەی ٨ی مارس ڕۆژی جیهانی ژن سمینارێکی بۆ دوکتۆر عەلی مازوچی لە ڕۆژی ١٢ی مارس پێک هێنا. لە سەرتا سمینارەکە بە خولەکێک بێ دەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێ کرد و پاشان ڕێزی بەرنامەکان لە لایەن خاتوو سەیران ئەمینی خوێندرایەوە.

خاتوون بەهار هەمزەنژاد بەرپرسی یەکیەتیی ژنان دیموکراتی کوردستان لە وڵاتی ئوتریش، پاش بەخێرهێنانی میوانانی سمینارەکە و لە لایەن یەکێتی ژنانەوە بە بۆنەی ئەو ڕۆژە، پیرۆزبایی ئاراستەی تەواوی ژنانی سەرانسەری جیهان و بەتایبەت ژنانی کوردستان کرد و خۆشحاڵی خۆی بەو بۆنەیەوە دەربڕی کە یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان لە ئوتریش بۆ یەکەم جار ٨ی مارسی وەکو سەمبولێکی دیموکراتیک و خەباتی ژنان بۆ مافی بەرانبەری ڕێز لێ دەگرێ. پاشان پەیامی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان لە لایەن خۆشکە شەهلا خزری خوێندرایەوە.

ئینجا نوبە گەیشتە کۆرگێری سمینارەکە بەڕێز دوکتۆر عەلی مازوچی. بەڕێزیان لە وتەکانی دا بە ئاماژە بە خەباتی ژنان و مێژووی ٨ی مارس لە سەرەتاوە تاکو ئێستا، بوونی ڕۆژێکی وەهای بە گرینگ وەسف کرد. پاشان پەیامی کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ئوتریش لە لایەن هاوڕێ خدر هەمزەنژاد بەرپرسی کۆمیتە خوێندرایەوە و پیرۆزبایی خۆی بە بۆنەی ٨ی مارسەوە دەربڕی و بەڵێنی تازە کردەوە کە کۆمیتە لە هەموو بواریک دا هاوشانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بۆ مافەکانیان تێ دەکۆشێت و یارمەتی دەری ژنانی ماندوونەناسی حیزبەکەمان دەبێت.

لە کۆتاییی دا پارچە شیعرێک لە لایەن خۆشکە شەهلا خزری خوێندرایەوە و چەپکە گوڵێک بۆ دەست خۆشی و ماندوو نەبوون لەبەرپرسی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە ئوتریش لە لایەن کورش حاجی عەزیزی ئەندامی کۆمیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەوووڵاتە بە خاتوون بەهار هەمزەنژاد پێشکەش کرا.








کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پەیامی دەفتەری سیاسی بە بۆنەی ٢٤ی ڕەشەممە ٧٠یەمین ساڵوەگەری دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان

**میوانانی هێژا!**

بەڕێوبەران، ئەندامانی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان، لێرە، لە هەموو کوردستان و لە دەرەوەی وڵات !

**هاوڕێیانی بەڕێز!**

لەلایەن دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە، پڕ بە دڵ پیرۆزبایی ٢٤ی ڕەشەمە ڕۆژی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستانتان لێدەکەم.

ئەمساڵ٢٤ی ڕەشەمە، یادی ٧٠ ساڵەی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانەو لە نێو بۆنەکانی دیکەی یادکردنەوەی ئەم ڕۆژەدا، جێگایەکی تایبەتی هەیە. چونکە ٧٠ ساڵ لەمەوبەر بە دەستپێشخەریی قازی محەممەد، پێشەوای حیزبی دیموکراتو سەرۆک کۆماری کوردستان دەکرێ بڵێم گەلی کورد بۆ یەکەم جار بوو بە خاوەنی ڕێکخراوێکی تایبەت بە ژنان. ئەوکات ئەوە نەک لەنێو کۆمەڵی کوردستان، بەڵکو لە ناوچەشدا هەنگاوێکی بوێرانەو نوێخوازانە بوو. لە هەموو وڵاتانی دەوروبەرو لە نێو ئەو نەتەوەو کۆمەڵانەی کە ڕێکخراوی ژنانیان هەبوو، دەکرێ بڵێین چەند ڕێکخراوێکی دەگمەنی تایبەت بە ژنان هەبوونو ژمارەی ئەو ڕێکخراوانە زۆر کەم بوون. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە لەنێو بیری حیزبی دیموکراتو لە فکرو ئەندێشەی ڕێبەرانی کۆماری کوردستاندا، بایەخدان بە ژنانو پێویستیی بەشدارکردنیان لە کارو باری کۆمەڵو لە کاروباری سیاسیو ڕێکخراوەییدا حزووری هەبووە. ئەمە شانازییە بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستان، بۆ کۆماری کوردستان، بۆ خودی ڕێکخراوی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستانو بۆ ئێوە ژنانیش کە ئەمڕۆ یادی ٧٠ ساڵەی ئەم ڕێکخراوەیە دەکەنەوە. شانازییە چونکە دەکرێ بڵێین یەکەم ڕێکخراوی ژنانە لە کوردستان کە هەتا ئێستاش بەردەوامەو درێژە بە تێکۆشانی خۆی دەدات.

لە ماوەی ٧٠ ساڵی ڕابردوودا، یەکیەتیی ژنان توانیویەتی بە هەزاران ژن لە ڕیزەکانی خۆیدا کۆکاتەوە. ئەو ژنانەی لە ڕیزەکانی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستانو لەدەوری حیزبی دیموکرات بۆ مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد، بۆ نەهێشتنی بندەستیو نەهێشتنی ستەمی چینایەتیو ڕەگەزیو نەتەوایەتی، خەباتیان کردوە، بە هەزاران کەسن. لە حیزبی دیموکراتو لە یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستاندا، دەکرێ بڵێم لە مەیدانی جۆراوجۆردا ژنان خەباتو تێکۆشانیان هەبووە. ئێمە هەر لە تەشکیلاتی حیزبی دیموکراتی کوردستان، لەنێو ئەندامانی حیزبی دیموکرات لە هەموو ساتو کاتێکدا، ژنان حزووریان هەبووەو توانیویانە پشتیوانێکی بە هێز بن لە بەرەو پێش بردنی بەرنامەکانیو کارە جۆراوجۆرەکانیدا. بەڵام ژنان نەک هەر لەو مەیدانە بەڵکوو لە مەیدانی پێشمەرگایەتییش دا شانبەشانی براکانیانو پیاوەکان حزووریان هەبووەو توانیویانە کەسانی دیاریان لێ هەڵکەوێ، پێشمەرگەی قارەمانیان لێ هەڵکەوێ. ئێمە لە ڕیزی شەهیدانی حیزبی دیموکراتدا زۆر شەهیدمان هەن کە ژنانی پێشمەرگە بوون. لە هێندێک مەجالی دیکەدا ژنان دەوری سەرەکیان هەبووە، یان کارگێڕ و ئەکتەری سەرەکی بوون. لە بواری پەروەردەو فێرکردن لە نێو حیزبی دیموکراتی کوردستاندا هەر لە سەرەتاوە تا ئێستا هەمیشە ڕێژەیەکی بەرچاو لە ژنان حزووریان هەبووە. لە ڕاگەیاندنمان، لە نەخۆشخانەکانمان دا، لە هەموو ئەو بوارانەدا ژنان بە ڕێژەیەکی زۆر حزووریان هەبووە و توانیویانە جێ پەنجەیان بە کارو تێکۆشانیانەوە دیار بێ.

یەکیەتیی ژنان توانیویەتی ژنانی ئەوتۆ پێ بگەیەنێ کە بتوانن لە حیزبی دیموکراتو لە کۆمەڵگادا دەور بگێڕن. بەبۆنەی تێکۆشانی یەکیەتی ژنان و حزووری ژنان لە دەوری حیزبی دیموکراتی کوردستان دەتوانم بڵێم بیری کەم بایەخدان بە ژنان لە نێو کۆمەڵگای کوردیدا پاشەکشەی کردووە دەرکی ئەو زەروورەتەی ژنان دەبێ حزووریان هەبێ لەنێو کاروباری سیاسی، ڕێکخراویی، حیزبی، کولتووریو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org




کۆمەڵایەتیدا، تا هاتوە بەهێزتر بووە. ئەمە وەک باسم کرد بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستان جێگای شانازییە کە پێشقەدەم بووە و هەر وەها ڕێکخراوی ژنانیش کە خاوەنی ئەو پێشینە دوورو درێژەیە لە خەبات و تێکۆشانو قوربانیدان، دەبێ بەو رابردووەی خۆی شانازی بکا. ئەوەی دەگەڕێتەوە سەر حیزبی دێموکراتی کوردستان، ساڵانێکە ئەسڵێک لە حیزبی دێموکراتی کوردستاندا جێگیر بووە کە ئەویش پێی دەگوترێ هەڵاواردنی پۆزەتیڤ. لێرە من پێم خۆشە هەڵوێستەیەک بکەم لەسەر ئەو ئەسڵە، چونکە زۆرجار نەک پیاوان بەڵکو ژنانیش بە دژایەتی لەگەڵی دەدوێنو پێیان وایە ئەمە خێرکردنێکە بە ژنان. حیزبی دێموکراتی کوردستانو بە گشتی هەموو ئەو لایەنانەو ئەو ڕێکخراوو کەسایەتیانەی کە داکۆکیان لەوە کردوە کە دەبێ هەڵاواردنی پۆزەتیڤ نیسبەت بە ژنان هەبێ دەیانهەوێ شەرایەتێک دروست بکەن یانی دەیانهەوێ کۆمەڵگا عادەت بدەن بەوی کە دەبێ ژنانیش حزووریان هەبێ. زۆرجار دەگوترێ جا با ژنانیش حزووریان هەبێ، خۆ کەس ڕێگر نیە. بەڵام لە شەرایەتێک دا کە ئەو زەرووڕەتە هەمووان هەستی پێ ناکەن، ڕەنگە ژنان بە ئاسانی نەتوانن بێنە سەرێو شانبەشانی پیاوان لە ناوەندەکانی بڕیارداندا هەبنو لە بەڕێوبەرایەتیی ڕێکخراوەکاندا حزووریان هەبێ. کەوابوو دەبێ میکانیزمێک هەبێ، دەبێ ڕێگاو شوێنێک هەبێ کە دەنگدەرانو خەڵک ناچار بکا بەوەی کە دەبێ ژنانیش بێنە سەر و حورزووریان هەبێ. ئەگەر لەسەرەتاکاندا جێبەجێکردنی ئەمئەسلە لە کۆمەڵگایەکدا کەموکووڕیی هەبێ، ئەوە لە درێژخایەندا کۆمەڵگا عادەتی پێ دەکاو ناچار دەبێ عادەت بەوە بکا کە ژنانیش حزووریان هەبێ. جا کە ژنانیش حووزووریان هەبووو هەمووان ئەوەیان وەک پێداویستییەک سەیر کرد، ئەو کات دەکرێ مەرجەکان ڕوونتر بکرێنەوەو دەقیقتر بکرێن. ئەوەش بە هیچ جۆرێک خێر پێکردن نیە بە ژنان، بەڵکو ڕێگا خۆشکردنە بۆئەوەی ژنان لە ئاستی جۆراوجۆردا حزووریان هەبێ. زۆر جار لەو ساڵانەی ئاخیردا دیومە لە زۆر کۆڕ و کۆمەڵدا، لە دونیای مەجازیدا ، لە نێو کۆبوونەوە حیزبییەکانی خۆشماندا ئەو قسەیە دەکرێ کە دەبا ژنان بۆخۆیان خۆیان پێ بگەیەنن. لە ولام دا دەڵێم یەکەم ژنان لە کۆمەڵگای ئێمەدا خۆیان پێگەیاندوە. ئێستا سەیر کەن لە ئێران، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ژمارەی ئەو ژنانە


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

که له ئاسته بەرزەکانی خوێندندا حوزووریان هەیه له پیاوان کەمتر نین. ژمارەی ئەو ژنانەی خاوەنی بڕوانامەی بەرزن، لێهاتووییان له بواری فێرکردن، هونەری‌و کولتوری‌و زانستی‌دا هەیه‌و بوونه خاوەنی بڕوانامه و پسپۆڕیان هەیه، له پیاوان کەمتر نین. که وابوو با پێمان وانەبێ ژنان خۆیان پێ نەگەیاندوه . ئەگەر تازه نەشیان توانیبێ وەکو پێویست بەشدار بووبن، له ژێر تەئسیری ئەو نەریتانەیه که لەنێو کۆمەڵگادا هەیه‌و به دەلیلی دواکەوتوویی کۆمەڵایەتی‌و دواکەوتوویی کولتوورییە، خەتا له خۆیان نیه، کەوابوو به بڕوای من ژنان کەمتر له پیاوان خۆیان پێنەگەیاندوه.

بەڵام ئەو کاتەی که خۆشیان پێگەیاندوه، ئەگەر ڕێکخراوەیەک، کۆمەڵگەیەک ناچار نەکرێ ژنان له خۆیانەوه نایەنه نێو بەڕێوەبەرایەتییەکان، نایەنه نێو ناوەندەکانی بڕیاردان‌و دەسەڵات. دەبێ ڕێکخراوو کۆمەڵگاو هتد، هەموو ئەوانە مولزەم بکرێن بۆ ئەوەی ڕەچاوی ئەو ئەسڵه بکەن. لێرە دا شتێکی دیکەش هەیه، ئێمه هەر ئەوساڵ له کۆنگرەی شازدەهەمی خۆماندا ئەو باسەمان کرد. حیزبی دێموکراتی کوردستان وەکو باوەڕ، وەکو پرەنسیپ، وەکو ئامانجەکانی لەبارەی ژنانەوە مایەی تەواوی داناوەو هیچ کەمو کەسرییەکی نیه. وەک عەرزم کردن له ٧٠ ساڵ لەمەوبەریشەوه، ئەو ئامادەییه له بیری ڕێبەرانی دا هەبووه، بەڵام بۆ ئەوەی شتێک له مەیدانی کردەوەدا بەباشی جێبەجێ ببێ، هەر هەبوونی پەسەندکراوو شتی فیکری له ڕەئس یا سەرەوەی حیزبەکەی دا بەس نیه. ئێوە سەیرکەن له هەرێمی کوردستان، خۆ یاساکانی ئەو هەرێمه پێشکەوتووانەن، خۆ ئەو بڕیارانەی ناوەندەکانی بڕیار به نیسبەت ژنانەوە، دەیدەن باشن، بەڵام هەر ئەوە بەس نیه. ئەوە نیه دەبینین ئەو هەموو دیاردە ناشیرینانه به نیسبەت ژنانەوە هەیه. ئەوەی که پێویسته دەبێ تاکەکانی ناو کۆمەڵگاش کار لەسەر فکریان، لەسەر زیهنیەتیان بکرێ بۆئەوەی بتوانن ئەو یاسایانە وەربگرن‌و کاریان پێبکەن. له حیزبێکیش‌دا هەروایه. ئێمه لەو کۆنگرەماندا یەکێک له بڕیارەکانمان ئەوە بوو که شان به شانی هەموو ئەو پەسندکراوانەی که بەنیسبەت ژنانەوە هەمانە دەبێ باشیان جێبەجێ بکەین ، بەڵام دەبێ لەسەر تاک تاکی ئەو حیزبەش کار بکەین بۆئەوەی ئەو شتانه به قورس و قاییمی وەربگرن، به زیهنیەتێکی قووڵەوە وەری بگرن. ئەرکه لەسەرمان له کلاسەکانی پێشمەرگەدا، لەو کلاسانەی که بۆ کادرەکان پێکی دێنن، له شانەکانی حیزبدا له هەموو کۆڕ و کۆبوونەوەیەکی حیزبی دا وەبیر هەموو ئەندامانی حیزبی بێنینەوە که ئەوە هەر ژنان نین دەبێ هەوڵ بدەن بۆ ئەوەی له ڕیزەکانی حیزب دا، له ئاسته بەرزەکان دیاربن. پیاوەکانیش تەک تەک وەزیفەمانه که هاوکار بین. یانی ئەوە ئێمەین که دەبێ ڕێ خۆشکەر بین ، دەبێ له قبووڵی ئەو پرەنسیپانه ،ئەو ئەسڵانه، ئەو مافانەی که ئێمه لەبەرنامەی خۆماندا پەسەندمان کردوون پێویسته ڕێگا خۆشکەر بین. دەنا دەکرێ ژنان له بەڕێوەبەرییەتیی حیزب دا حزووریان هەبێ ، بەڵام ڕێزگرتن له(بەشداری و ڕۆڵی) ژن له ئەفکاری تاکەکان دا نەبێ. دەکرێ ژنان له حیزب دا بگەنه ئاستێکی بەرز بەڵام به چاوی ڕێزەوە سەیری بڕیارەکانیان نەکرێ یا متمانه به بڕیارەکانیان نەکرێ. لەنێو کۆمەڵگاو له نێو حیزبیش‌دا پێویسته بەکاری فکریی بەربڵاو ، ئەو قەناعەته له تاک تاکی ئینسانەکاندا دروست بکەین که کۆمەڵگایەک، ڕێکخراوێک ، مەجمووعەیەک که ژنان تێی‌دا دیار نەبن، ژنان له ئاستی بەرزدا بڕیار به دەست نەبن، نەتوانن تواناکانی خۆیان بنوێنن، ئەوا خاوەنی کەمایەسییەکی گەورەیه. هەروەک عەرزم کردن، حیزبی دێموکراتی کوردستان بێ دریغ بووە لەوەی که پشتیوانی بکا له ژنانێک که له ڕیزەکانی حیزبدا تێکۆشانیان هەیه، له ڕێکخراوی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان. لەم بارەیەوه هەمیشه له ڕووی مەعنەوی و ماددیەوه، له ڕووی پێگەیاندنیانەوە و لەڕووی ئیمکاناتی جۆراوجۆر که لەو حیزبه دا هەیه، له پشتیوانی کردنی ژنان درێغی نەکردوه . له نێو کۆمەڵگاش هەر بزووتنەوەیەکی که هەیه به نیسبەت یەکسانیخوازی ، به نیسبەت خەبات بۆ لەنێو بردنی چەوسانەوەی ڕەگەزی، ئەرکی حیزبی دێموکراتی کوردستانه پشتیوانی بێ، هاوکاری بێ، ڕاگەیاندنەکانی خۆی بکاته تریبونێک بۆ گەیاندنی دەنگی ئەوان، ڕێکخستنەکانی خۆی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بکاتە پشتیوان بۆئەوەی دەنگی ئەوان بەرزتر بێتەوە و هاودەنگی لە نێو کۆمەڵگادا دروست بکەن، لە نێو کۆڕو کۆمەڵە نێو دەوڵەتییەکاندا ببێتە هاواری زۆر لێکراویی ژنی کوردو ئەو خەباتو تێکۆشانەی هەیانە بە تەواوی دنیای بگەیەنێ. دڵنیاتان دەکەمەوە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە داهاتووشدا لەسەر ئەو سیاسەتەی دەڕوا. وەک لە دروشمەکانی حیزبدا هاتوە، هەوڵدان بۆئەوەی ژنان لە ئاستە بەرزەکانی حیزبدا حزووریان هەبێ، لە حیزبدا ڕۆڵی بەرچاویان هەبێ، لە کۆمەڵگادا بایەخیان پێ بدرێ ، ئەمە پرەنسیپێکە لە حیزبی دێموکرات کورستان دا جێی گرتوەو گەڕانەوەی بۆ نیەو تا دێ بەهێزتر دەبێ. بەڵام ئەوە هەم ئەرک بۆ ئەو ژنانە دروست دەکا کە لەڕیزەکانی یەکیەتیی ژنان دان یا لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات دانو هەم بۆ تاک تاکی پیاوەکانیش ئەرک دروست دەکا ، ئەویش ئەو ئەرکە کە بە هەمووانمان چ وەک تاک چ وەک ئۆرگانی حیزبی هەوڵ بدەین بۆئەوەی کە ژنان لە کۆمەڵگای کوردستان و لە حیزبی دێموکرات کوردستان دا جێگەو پێگەی خۆیان هەبێو ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ ئەو جێگەو پێگەیەیان بەرز بێتەوەو لە هەموو بوارەکانی کارو تێکۆشانی ئێمەدا، دەورو ڕۆڵی ژنان بەرچاو بێ .

من لە یادی ٧٠ ساڵەی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کورستان دا سڵاو دەنێرم بۆ دامەزرێنەری ئەو ڕێکخراوەیە، مینا خانم) هاوسەری پێشەوا قازی محەممەد، سڵاو بۆگیانی پاکی پێشەوا قازی محەممەد کە بۆخۆیو ڕێبەرانی ئەو کاتەی حیزبی دێموکراتو کۆماری کوردستان پێشقەدەم بوون بۆ ئەوە ی ئەو ڕەوچەیە لە نێو کۆمەڵگادا بشکێننو ژنان حزوریان هەبێ. هەر وەها سڵاو بۆ هەموو ئەو ژنانەی لە دەورانی جۆراوجۆردا لە ڕیزەکانی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستاندا بەشدار بوون . هەمووی ئەوانە لە کاتێکی ئاوادا جێگای ڕێز لێگرتنو جێگای یادکردنەوەن. حیزبی دێموکراتی کوردستان هەر ئەندازە ڕێز لە خەباتو تێکۆشانی ئەو ژنانە بگرێ کە لە دەوری ئەو حیزبەو لە ڕیزەکانی ئەو حیزبەدا، لە ڕیزی ڕێکخراوەکانی سەر بە حیزبی دێموکراتی کوردستاندا خەباتیان کردوە، کەمە، چونکە ئەوەندەی ئێمە وەبیرمان دێ لە هەموو قۆناغەکاندا ژنان پشتیوانی خەباتێک بوون کە لە کۆمەڵگای کوردستان هەیەو حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕێبەرایەتیی کردوە، چ وەکوو تاکێکی چالاک لە ڕیزەکانی پێشەوەدا، چ وەکو کادرو پێشمەرگە ، وەکو ئەندام، وەکو چالاکی ژنانو هەروەها لە نێو بنەماڵەکانیشدا ئێمە دەبینین کە هەرکات تێکۆشەرانی ئەو حیزبە لە ناو خەڵکدا بوون ، ئەوانەی پێش پیاوەکان پشتیوانی ئەو خەباتە بوون ، ئەو ژنانە بوون کە هۆگرییان هەبووە بە حیزبی دێموکراتی کوردستان، بە خەباتی ڕزگاریخوازی نەتەوەکەیان. چونکە پێیان وابووە ئەو خەباتە هەر بۆوەی نیە نەتەوەی کورد لە بندەستی نەجات دا، بەڵکوو بۆئەوەشە کە بەختیاری بۆ تاکەکانی کۆمەڵ بە تایبەت ژنان بە دی بێنێ.

وێڕای ڕێزو ستایش بۆ هەموو ئەو خەباتەی کە یەک یەکی ژنانی دڵسۆزو تێکۆشەر لە ماوەی ٧٠ ساڵی ڕابردوودا بۆ ئامانجەکانی خۆیانو بۆ ئامانجەکانی نەتەوەکەیان بوویانە، من جارێکی دیکە لە گەڵ دەبڕینی سپاس و پێزانین بۆ بەڕێوبەریی یەکیەتیی ژنان لە قۆناغە جۆراوجۆرەکاندا ، بۆ ئەوانەی لە ماوەی ٧٠ ساڵی ڕابردوودا دەورو تەئسیریان هەبووە ، دەمهەوێ پێداگری بکەمەوە لەسەر پشتیوانیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕێکخراوی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانو لە بزوتنەوەی ژنان لە کۆمەڵگای کوردستانو لە کۆمەڵگای ئێراندا. جارێکی دیکە پیرۆزبایی ئەو بۆنەیەتان لێدەکەم. بە هیوای بەردەوامیی زیاتر و پێشکەوتنی ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر بۆ یەکیەتیی ژنانی دیموکرات و بۆ هەموو ئەو ژنانەی دەیانهەوێ یەکسانی بۆ ئینسانەکان و ئازادی بۆ نەتەوەکەیان دابین بکەن.

جارێکی دیکەش سپاس بۆ هەموو لایەکتان.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پەیامی یەکیەتی ژنانی دیموکراتی کوردستان بە بۆنەی ٢٤ی رەشەممە ٧٠ ساڵەی دامەزرانی یەکیەتی ژنانی دیموکراتی کودستان

میوانانی بەرێز:

سەرەتا بە بۆنەی ٢٤ی رەشەممە، ٧٠هەمین ساڵوەگەری دامەزرانی یەک یەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان، پیرۆزبایی لە سەرجەم ئەندامان ولایانگرانی ئەم ڕێکخراوەیە دەکەم.

بەرێزان!

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە ساڵی ١٣٤٥ی هەتاوی سەرەرای تەمەنی کورتی گەلێک دەسکەوتی بە نرخی بۆ هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگای کوردستان بە دیاری هێنان، یەکیک لەو دەسکەوتە بە نرخانە دامەزراندنی ڕێکخراوەیەکی تایبەت بە ژنان بوو، بە ناوی یەکیەتیی یایانی کوردستان کە ئێستا بە ناوی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان لە خەبات دایە.دامەزرانی ڕێکخراوەیەکی ژنان لەو سەردەمەدا کە کۆمەلگای ئێران بە گشتی و کۆمەلگای کوردستان بە تایبەتی کۆمەلگایەکی سوننەتی و لە باری فەرهەنگی و کۆمەلایەتی و سیاسی لەو پەری دواکەوتوویی دابوو و ژنان لە هەموو چینەکانی تری کۆمەڵگا زیاتر دەچەوسێنەرانەوەو زوولمیان لێ دەکرا.هەر بۆیە بە دامەزرانی ئەو ڕێکخراوەیە دەرفەتێکی زێرین لەبەردەم ژنانی کورد دا کرایەوە و ژنان بۆ یەکەم جار توانیان داخوازییەکانی خۆیان بێننە گۆڕێ ولە تەشەکولی تایبەت دا بۆ ئامانجەکانیان خەبات بکەن.

هاندانی ژنان و هێنانیان بۆ نێو تێکۆشانی سیاسی و فەرهەنگی و کۆمەلایەتی دەگەڕیتەوە بۆ پێشکەوتوویی فیکری و دووربینی ڕێبەرانی کۆمار ولە سەروی هەموویانەوە پێشەوای نەمر کە لە بنەماڵەی خۆیەوە دەستی پێ کرد وبەو ڕەچەشکێنەی کە پێشەوا زیاتر لە نیو سەدە پێش ئێستا کردی نەرێتێکی پیرۆزی بۆ ڕێرەوانی خۆی و خەڵکی کوردستان بەجێ هێشت.هەر بۆیە جێ خۆیەتی لەو موناسبەتەدا ، سەری ڕێزووەفا بۆ دامەزرێنەرانی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان لە سەرووی هەموویانەوە پێشەوای نەمر و مەرحوومی مینا خانمی قازی یەکەم بەرپرسی ئەو ڕێکخراوەیە ، دانەوێنین.

بەرێزان!

لە کاتێکدا یادی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان دەکەینەوە کە جیهان بە گشتی و رۆژهەلاتی نێوەراست بە قۆناغێکی سەخت و دشواردا تێدەپەڕێ، تیرۆزیزمی نێو دەولەتی لە جیهان بە گشتی و لە رۆژهەلاتی نێوەراست بە تایبەتی دژایەتی هەموو ئایین و نەتەوەیەک بەربەرەکانی دەکا و لە هەرچەشنە کردەوەیەکی دژی ئینسانی سلی نەکردووە.کوشت و کوشتاری خەڵکی بێ دفاع لە لایان ئەو ڕیکخراوە تێرۆریستانە بۆتە هۆی کۆچی بە کۆمەڵی مرۆفەکان و رۆژنیە لە گۆشەیەکی ئەم جیهانە قوربانی نەستێنێ.بارودۆخی ناوچەی رۆژهەلات بە ئاقارێک گەیشتووە کە دەولەتان بیر لە گۆرینی نەخشەی رۆژهەلاتی نێوەراست بکەنەوە و گۆرانکاری تێدابکەن.خەبات و تێکۆشانی ژنانی جیهان بە گشتی و ژنانی کورد لە ناوچەی رۆژهەلاتی نێوەراست بە تایبەتی شکلێکی نوێێ بە خۆیەوە گرتووە و ژنانی کورد زیاتر لە پێشوولە هەموو بوارەکانی ژیانی سیاسی و کۆمەلایەتی و فەرهەنگی و... لە مەیدان دان و لە دامەزراوەکانی دەولەت وەک پارلەمان وهێزی نیزامی و..هتد رۆڵی بەرچاو دەگێرن و شان بەشانی پیاوان لەو خەباتەدا زیاتر بەرەو پێش دەچن.**خەبات و تێکۆشانی ژنان لە رۆژهەلاتی کوردستان سەرەرایی بەربەستەکانی سیستەمی کۆماری ئیسلامی لە بەردەم ژنان لە ئێران بە گشتی و لە کوردستان بە تایبەتی،ژنان لەو بەشە لە کوردستان دەیان هەوێ مۆرکیان بە سەرجەم ڕووداوەکانەوە بدن و حزوور و بەشداری ژنان لە چالاکییە مەدەنیەکانی وەک،چالاکی ژینگە پارێزی،وەرزشی،هونەری و بەشداری لە بزوتنەوە نەتەوەیەکاندا چەندین نموونەی زیندوو لە خەبات و تێکۆشانی ژنان لە رۆژهەلاتی کوردستانن.** خەبات و تیکۆشانی ژنان لە رۆژهەلاتی کوردستان ویرای خەبات و تێکۆشانی ژنانی ئێران بۆ گۆرانکاری لە یاسای دژە ژنی کۆماری ئیسلامی، شان بە شانی ژنانی ئێران لەو بوارەو هەموو بوارەکانی سیاسی، کۆمەلایەتی، فەرهەنگی و..هتد بەرچاو بووە و هەرچەشنە بزوتنەویەکی ئازادیخوازی لە ولات سەری هەلدابێ ژنانی کورد پیشەنگی ئەو بزوتنەوەیە بوون و لە و پێناوەش دا تووشی زیندان و ئازارو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەشکەنجە هاتوون گیانیان لێ ئەستیندراوە.ژنانی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە چۆک دانەهاتوون و خۆراگرانە بەربەرەکانی بۆ مافە رەواکانی خۆیان دەکەن و لە پەنا ئەوەش دا مەسەلەی نەتەوایەتییان لە بیر نەکردووە لەو بەرەیەش دا تێدەکۆشن و قوربانی دەدەن.

یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لەم بۆنە پیرۆزەدا داوا لە ژنانی ئێران بە گشتی و ژنانی کوردستان بە تایبەتی دەکا کە هەروەکوو لە رابردوو نیشانیان داوە لە بەرامبەر هەرچەشنە زوڵم و زۆری کۆنە پەرەستانە دژ کردەوە لە خۆیان نیشان بدەن و دیفاع لە ماف و ئازادییەکانیان بکەن وتا دەستەبەر بوونی مافەکانیان لە خەبات نەوەستن ولە پەنا ئەوەش چارەنووسی گەلەکەیان لە بیر نەکەن و بۆ رزگاری گەڵ تێ بکۆشن.یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان پشتیوانی لە خەباتی رەوایان دەکاو پەیمان و بەلێن لەگەڵ ژنانی کوردستان نوێ دەکاتەوە کە تا وەدیهاتنی ئامانجە بەرز و ئینسانیەکانی ژنان،بە پیشتیوانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە تێکۆشان ناوەستێ و بەردەوامە لە خەبات.لەو بۆنەیەدا جێ خۆیەتی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان سپاسی حیزبی دێموکراتی کوردستان بکا کە پاڵپشت و رێنوێنی یەکیەتیی ژنان بووە،هەربۆیە لەم رۆژە پەیمان و بەڵێن نوێ دەکەینەوە تا وەدیهاتنی ئامانجە پیرۆزەکانی حیزب و گەڵ وەک پشتیوانێکی بەهێز و وەفاداری حیزب،لە هیچ چەشنە فیداکاری ولەخۆبردووییەک دەریغی ناکەین.

پیرۆز بێ ٢٤ی رەشەممە،حەفتایەمین ساڵوەگەری دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان.

٢٤ ی رەشەممەی ١٣٩٤ی هەتاوی

١٤ی مارسی ٢٠١٦ ی زایینی






کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پەیامی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی ٨ ی مارس ڕۆژی جیهانی ژنان.

ژنانی ئازادیخوازی جیهان:

خەڵکی یەکسانیخوازی کوردستان:

ئامادەبوانی بەڕێز :

لەلایەن کومیتەی بەریوبەری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان و سەرجەم ئەندامانی ڕێکخراوەکەمانەوە پیرۆزبایی ڕۆژی ٨ی مارس ڕۆژی نێونەتەوەیی ژنان پێشکێش بە هەموو ژنانی خەباتکاری جیهان و بە تایبەتی ژنانی یەکسانیخوازی کورد و خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان دەکەین .

بەڕێزان :

ژنانی هێژا :

لەسەرەتای سەدەی بیستەم،ژنانێکی زۆر لە وڵاتانی پیشەسازی بە گرتنی حەقدەستێکی زۆر کەم ونامرۆڤانە و هەروەها بەبێ هیچ ئاسانکارییەک بۆ پێشکەوتنیان هاتنە ناو بازاری کارەوە. وەها بارودۆخێک بووە هۆی پێکهاتنی خەباتگەڵکی مەدەنی کە ژنانی کرێکاریشی بە شێوەیەک سازمان داو جمۆجۆڵێکی لە ژنان پێک هێنا. خەباتی ئەوان بوو کە بارودۆخەکەی بۆپێکهێنانی ڕۆژی ژن هێنایە ئاراوە.

هەڵبژاردنی ڕۆژی ٨ی مارس وەکوو ڕۆژی جیهانی ژن، بە بۆنەی خۆپیشاندانە گەورەکەی ژنانی کرێکاری کارخانەی ڕستن و چنینی نیۆیۆرکی ئەمریکا لە ساڵی ١٨٥٧ی زایینی دیاری کرا، کە بەمەبەستی زیادکردنی حەقدەست و کەم کردنەوەی ماوەی کار خۆپیشاندانێکیان وەڕێخست. لەم خۆپیشاندانە کە لەگەڵ هێرشی پۆلیس بەرەوروو ببۆوە، بەشێکی هەرە زۆری بەشداربووانی خۆپیشاندانەکە دەستبەسەرو ژمارەیەکی بەرچاویش کوژران وبریندار کران .

خەباتی ژنانی کارخانەی ڕستن وچنین لە ئەمریکا، وەکوو ڕوداوێکی مێژوویی و گرینگ لە مێژووی خەباتی ماف خوازانەی ژنان بە گشتی و ژنانی ئازادیخواز بە تایبەتی دێتە ئەژمار.

تا ئەو کاتە واتە ساڵی ١٩٢١ هەر وڵاتیک لە ڕۆژێکی جیاواز بەڵام هەر لە مانگی مارس بۆنەی تایبەتیان بەرێوەدەبرد.

تا لە ساڵی ١٩٧٨ ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بە پێشنیاری کلارا زێتکین "

یەکێک لە ناسراوترین پێشتازانی سوسیالیستی بزووتنەوەی ژنان

بریاریدا کە ٨ی مارس وەک ڕۆژی جیهانی ژن بە رەسمی بناسێت.هەرچەندە بەرێوەچوونی ئەم بۆنەیە لە زۆرێک لە وڵاتان بۆ نمونە نیشتمانی خۆمان ڕۆژهەڵاتی کوردستان قەدەغەیە،دیسانیش ژنانی خەباتکار لەبۆنەو کۆر وکۆبونەوەی تایبەت دا ڕێز لەو ڕۆژە دەگرن.

دەبێ ژنانی کورد باسی ڕۆژی ٨ی مارس بکەینە باسیک بۆ بەخۆداچوونەوەیەک و تێرامانێک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. دوای ٣٧ ساڵ تێپەر بوون بەسەر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێستاش ژنان نیوەی شاراوەی ئەو کۆمەڵگایەن.لە سەرەتای ئینقلابەوە تا ئێستاش بە شوعاری ؛ژن دەبێ لە خزمەت ماڵ و منداڵ و مێرد دابێ؛ژنانی خانەنشین کردووە و پەرەی بە کۆیلەکردنی ژنان داوە،چونکە ڕێژیمی زاڵ بە سەر ئێراندا باش دەزانێ بە کۆیلە کردنی ژنان کەسانی وشیار و ئازادیخوازیش پەروەردە نابن،تا ئێستاش هەر پەرەی بەو سیاسەتە داوەو ئەوە ژنانن دەبێ یەکگرتووانە بەگژ ئەو ستەمەدا بچنەوە.ئەوەش تەنیا بە خۆپێگەیاندنی ژنانە لە هەموو بوارەکاندا تا بتوانن توانایی خۆیان بسەلمێنن.

لە ٨ی مارسی ١٣٥٧ هێشتا مانگێک لە سەرکەوتنی شۆرشیک کە ژنانیش شان بە شانی پیاوان تێدا بەشدار بوون،تێنەپەریبوو کە خومینی دامەزرێنەری ڕێژیمی تازە ، فتوای حیجابی زۆرەملێ لەسەر ژنان دا.سەرەتای ئەو سەرکووتە سیستماتیکە بوو کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ماوەی دەسەڵاتەکەی خۆیدا لە سەر ژنان بەرێوەی برد، خۆپشناندانی خۆرسکی ٨ی مارسی ١٣٥٧ یەکەم نارەزایەتی دەربرین دژی حکومەتی کۆماری ئیسلامی لە لایان ژنانەوە بوو کە بە نارەزایەتی لە فەرمانی حیجابی زۆرە ملێ هاتنە سەر شەقام و بە دروشمی (نا)ولامی فەرمانی خومینیان داوە. هەر ژنایشن کە بە چوونی ڕێژەیەکی زۆریان بۆ زانستگەو خوێندنگەکان سەلماندیان کە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هیچ کۆمەڵگایەک بە بێ وشیاری ژنان و پێگەیاندنی ئەوان بە تایبەتی لە لایەن ژنان خۆیانەوە رەوتی پێشکەوتن نابینێ . لێرەدا دەبێ بڵەین کە ئەوە ژنان دەبێ بە وشیاری رۆژبەرۆژی خۆیان کۆمەڵگایەکی باشتر و پێشکەوتوو درووست بکەن ، کە تا ئێستاش لەو رێژیمەدا دەرەتانی وەها کاریکیان سەرەڕای هەموو هەوڵێکیان پێ نەدراوە.هەر بۆیە ژنان تا گەیشتن بە ئاکامی دڵخوازی خۆیان کە کۆمەڵگایەکی ئازاد و پێشکەوتوویە لە خەبات بەردەوام دەبن و دەبێ خۆمان بۆ هەموو هەزینەیەک کە قەرارە لەو رێگایەدا بیدەین ئامادە بکەین .خەباتی دوور و درێژی ژنان و پیاوانی ئازادیخواز و یەکسانیخواز بێشک بە هاوکاری و هاوهەنگاوی هەردوولامان دەچێتە پێش و سەر دەکەوێ. بێگوومان خەبات لە پێناوی یەکسانیدا ئەرکی هەموو یەکسانیخوازێکە.

سەرکەوێ خەباتی رەوای ژنان لە پێناوی دەستەبەر کردنی هەموو ماف و ئازادیەکانیاندا.

یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان

٨ی مارسی ٢٠١٦ زایینی

١٨ی رەشەممەی ١٣٩٤ هەتاوی






کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پەیامی یەکیەتی لاوانی دیموکراتی ڕۆژهەلاتی کوردستان بە بۆنەی ٢۴ی ڕەشەممە ٧٠ساڵەی دامەزرانی یەکیەتی ژنانی دیموکراتی کوردستان

**هاونیشتمانیانی بەڕیز!**

**ژنانی یەکسانی خواز و خەباتکاری کوردستان!**

٧٠ساڵ لەمەوبەر لە بەشێکی نیشتمانەکەمان واتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕێکخراوێکی سێنفی مودێرن لە ژێر نێوی یەکێتی ژنانی دیموکراتی کوردستان دادەمەزرێ. دامەزرانی ئەو ڕێکخراوە سێنفیە لەو قوناغە مێژووییە، دەبێ چ فەلسەفەو ئامانجێکی بووبێت؟ کە باس لە مێژووی سیاسی کورد و بزاڤی نەتەوەیی کورد دەکرێ، کۆماریی کوردستان وەک یەکەمین قەوارە یان یەکەی سیاسی مودێرن لە قەڵەم دەدرێ، ٧٠ساڵ لەوەوپێش لەم ناوچەیە، لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین و لە ئێران کە کۆمەڵگایەکی نامۆ بووە بە چەمکە مودێرنەکان، لە لایەن حیزبی دیموکراتی کوردستان و ڕێبەرە ناوازەکەی مێژووی کورد واتە پێشەوا قازی محەممەد کۆماریی کوردستان دادەمەزرێ. کاتێک باس لە قەوارەیەکی سیاسی مودێرن دەکرێ بێ گومان ئەو یەکە سیاسی و مودێرنە دەسکەوتی سیاسی و پێشکەوتووی هەبووە، یەکێک لە دەسکەوتە پڕبایەخ و مێژووییەکانی کۆماری کوردستان ئەوەبوو کە بۆ یەکەم جار لە مێژووی کورد ، ژنان لە چوار چێوەی سازمانێکی خاوەن پلان و بەرنامە چالاکی خۆیان بۆ بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی دەست پێ دەکەن، واتە هەم خەباتی نەتەوەیی و هەم خەبات لە پێناو بەدەست هێنانی ماڤی ژنی کورد.

پێشەوا قازی محەممەد لەو قوناغەدا و لە کۆمەڵگای سونەتی ئەوکاتدا نەریت شکێنی دەکات و خانمی خۆی واتە مینا خانمی قازی دەکاتە ئەندامی ئەو ڕێکخراوە سێنفیە. لەو قوناغە لە خەباتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ژنانی کورد شان بە شانی پیاوان لە ئیمکانات و ئەو فەزا ئازادەی کە پێک هاتبوو هەم یارمەتیدەر دەبن بۆ خەباتی نەتەوەیی هەم بۆ ماف و داواکاری ژنان، هەر چەند ڕووداوە مێژووییەکان دەبێ بە پێی پێوەر و کاتی خۆی شرۆڤە بکرێن بەڵام لەو قوناغە لە خەباتی ژنان دەکرێ دەرکەوتنی ژنان بۆ داواکاری خۆیان بە کارێکی پڕبایەخ لە قەڵەم بدرێ. یەکێتی ژنانی دیموکرات کە دەسکەوتی کوماریی کوردستان و شەخسی قازی محەممەد بووە بێ گومان چارەنووسیشی بە چارەنووسی ئەو کۆمارەوە گرێ دەدرێ یان بە واتایەکی دیکە لەگەڵ لەناوچوونی کۆماریی کوردستان کۆتایی بە خەباتی ئاشکراو فەرمی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دێت و شکڵ و فۆرمی خەباتی نهێنی بە خۆ دەگرێ. پاش ڕۆخانی کۆمار ، ئەندامانی حیزبی دیموکرات بە شێوەی نهێنی درێژە بە خەباتی خۆیان دەدەن کە لەو قوناغەش ژنانی ڕۆژهەڵات ڕولی خۆیان هەبووە بۆ یارمەتی ئەو خەباتکارانە. مەسەلەیەکی دیکە کە دەبێ هەڵوەستەی لە سەر بکرێ بەشداری ژمارەیەک لە ژنانی ئەو کاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە خەباتی نهێنی لەگەڵ ئەندامانی حیزبی دیموکراتە، ئەویش بە شایەتی ئەو کەسانەی کە لەو قوناغە لە خەبات بەشدار بوونە، ژنان ڕولی بەرچاویان هەبووە بۆ گواستنەوەی بەڵگە ی نهێنی و شتگەلی دیکەی ئەندامانی ئەو کاتی حیزبی دیموکرات لە چەندین شوێنو ناوچەی کوردستان.

**خەڵکی خەباتکاری کوردستان!**

**ژنانی تێکۆشەری کورد!**

یەکێتی ژنان چونکە لە لایەن حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە دامەزرابوو، خەباتەکەی گرێدرابوو بە خەباتی ئەو حیزبە، هەر بۆیە ساڵێک بەر لە شۆڕشی گەلانی ئێران کە ئەندامانی ئەو کاتی حیزب بۆ چالاکی دەگەڕێنەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دیسانەوە چالاکی ژنان لە ڕۆژهەڵات دەست پێ دەکا. زۆربەی خۆپێشاندانەکانی بەر لە شۆڕشی ١٩٧٩ ، لە مەهاباد لە لایەن دوو ڕێکخراوئیتحادیەی جەوانانی کورد و سازمانی ژنان ڕێکدەخرا و ئەم دوو ڕێکخراوە ڕولی بەرچاویان دەگێڕا.

پاش سەرکەوتنی شۆڕش و هاتنە سەرکاری دەسەڵاتی مەزهەبی لە ئێران، ژنان لە یەکەم قوربانیانی ئەو دەسەڵاتە دەبن، چۆنکە داخوازی ژنان داخوازیگەلێکی نوێ و سەردەمیانە بووە کەچی ڕێژیمی تازە بەدەسەڵات گەیشتوو، ڕوانگەیەکی دواکەوتووانەی بۆ ماف و داواکاری ژنان بووە. چالاکانی ژن لە یەکێتی ژنانی دیموکرات لە هەر دوو ڕەهەندی خەباتی نەتەوەیی و خەباتی ژنان ناتوانن چیدیکە بە شێوەی یاسایی و ئاشکرا درێژە بە چالاکی خۆیان بدەن، چۆنکە حیزبی دیموکراتی کوردستان بە حیزبێکی نایاسایی لە لایەن کۆماریی ئیسلامیەوە لە قەڵەم دەدرێ، هەر بۆیە ژنانیش ناچار دەبن شێوە خەباتی خۆیان لەگەڵ بزاڤی نەتەوەیی کورد ڕێک بخەن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**هاوڕێیان لە یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان!**

پرسی کورد پرسێکی ئینسانی و ڕەوایە، هەر بۆیە بۆ بەدەست هێنانی مافی نەتەوەیی پێویستە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا بە پێی توانا، لەو خەباتە بەشداری بکەن. یەکێتی ژنانی دێموکراتیش هەموو کات بە پێی توانا بەشداری چالاکانەیان هەبووە لە بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستان و هاوکات هەوڵی پێگەیاندی ژنان و کچانی نێو شۆڕشی داوە بە تایبەت لە بواری ڕاگەیاندن و پرسی پەیوەندی دار بە ژنانەوە. لەم هەل و مەرجە واتە ٧٠ سال پاش دامەزرانی یەکێتی ژنانی دێموکرات، ئەگەر پێناسەیەک لە کەلێن و گرفتەکانی کۆمەڵگای ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەین، ئەوە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە، گرفتی ژنان وەک یەکێک لە کەلێنە ئەسڵییەکانی کۆمەڵگای ئێران بە ئەژمار دێ، هەر بۆیە بزووتنەوەی ژنانیش دەبێ وەک یەکێک لە بزووتنەوە «بالفعلەکانی»ئەو کۆمەڵگایە لە قەڵەم بدرێ. یەکێتی ژنانی دێموکراتیش لەم قوناغە وەک ڕێکخراوێکی سێنفی کە هەم خەباتی نەتەوەیی دەکا هەم خەبات بۆ وەدەست هێنانی مافی ژنان، هەموو کات هەوڵی داوە خۆی لەگەڵ فەرهەنگی سیاسی و بزووتنەوەی ژنان لە نێوخۆ ڕێک بخا بۆ ئەکتیڤ تر کردنی بزووتنەوەی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە دژ کۆماریی ئیسلامیی کە لەسە دەی ٢١دەبێ وەک ڕێژیمێکی بە تەواو دژە ژن پێناسە بکری. پرسی نەتەوەیش وەک پرسی ژنان پرسێکی گرنگە لە کۆمەلگای ئێران، هەر بۆیە بەو شێوەیە کە ژنان خۆیان لەگەڵ خەباتی نەتەوەیی ڕێک دەخەن پیویست دەکا لاوانی کوردیش چۆن هەوڵ بۆ بە دەست هێنانی مافی نەتەوەیی دەدەن هەر بەو شێوەیش یارمەتیدەری ژنان بن لە خەباتە ڕەواکەیان، چۆنکە ئەگەر بمانهەوی بزووتنەوەکەمان سیمایەکی پیاوسالارانەی بەخۆ نەگرێ دەبی لاوان و پیاوانی کوردیش زیاتر گرنگی بە خەباتی ژنان بدەن ، چۆنکە لە ئامێزی ژنی کوردە کە ئەو شرۆشگرانە پەروەردە کراون ،تانیشتمان نەبیتە شوێنێکی ئارام بۆ داگیرکەران.

کۆمیتەی بەڕیوەبەری گشتیی
یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

٢٤ی ڕەشەمەی ١٣٩٤ هەتاوی
١٤ی مارسی ٢٠١٦ زایینی





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پەیامی یەکیەتی ژنانی دیموکراتی کوردستان بۆ یادی ٧٣ ساڵەی دامەزرانی یەکیەتی لاوانی دیموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان

**ئامادەبوانی بەڕێز،**
**لاوانی تێکۆشەر،**

لەیادی ٧٣ مین ساڵیادی دامەزرانی یەکیەتی لاوانی دێمۆکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان یەکێک لە دەسکەوتە گرینگەکانی کۆماری کوردستان دا، جوانترین پیرۆزبایی خۆمان پێشکەش بە لاوانی کورد بەگشتی و لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەتایبەتی ئەندامان و لایەنگرانی ڕێکخراوەکەتان دەکەین.

٧٣ ساڵ لەمەوبەر و بیرکردنەوە لە دامەزراندنی ڕێکخراوێکی تایبەت بە لاوان، ریکخراوێک کە تێیدا پێگەیاندنی لاوان لەسەر ئاستی نەتەوەیی، کۆمەڵایەتی و زانستی، ... لەسەردەمێک دا کە ناوچەکە و جیهان پێی دا تێدەپەڕی کارێکی ئاسان نەبووە. ، لە وەها سەردەمێکدا ئەرکێکی ئینسانی و ئەخلاقی یە و مایەی ڕێز و ستایشە. یەکیەتی لاوان لە قۆناغە جۆراو جۆر و سەختەکانی خەبات دا بەردەوام هەوڵی پێگەیاندن و رێنوێنی کردنی لاوانی داوە تاکو کۆمەڵگایەکی تەندروست و نەتەوە دۆست بەرهەمبهێنێت و لەبەرەی خزمەت بە گەل و نەتەوە و بۆ بەرگری لە خاک و نەتەوەیان لە هەوڵ و فیداکاری دا بەردەوام بن و کۆڵ نەدەن. ئەو بەرنامە و ڕێبازەی لاوان چونکە هەڵقوڵاوی دڵ و دەرونی کۆمەڵگا بووە، زوو بەزوو جێگەی خۆی لە دڵ و دەرونی جەماوەر دا گرت و چەسپاوە، بۆیەش لاوانی کورد پۆل پۆل پەیوەندییان پێوە کردووە و دەیان و بگرە سەدان تێکۆشەر و ماندویی نەناس و شۆڕشگێری وەهای پیگەیاندوە کە لە گەیشتن بە ئامانجەکانی نەتەوە و ڕێکخراوەکە لە هیچ شتێک سڵیان نەکردۆتەوە، مێژوو شاهیدە کە ڕێبەرانی شەهید و دەیان تێکۆشەر و سیاسەتمەداری ئیستا و ڕابردوومان ڕۆژانێک لە ئۆرگانەکانی ریکخراوی لاوان دا سازمان دراون و ئەرک و بەرپرسیارەتییان پێسپێردراوە.

**بەڕێزان ،**

بەهاتنی کۆماری ئیسلامی بۆسەر تەختی دەسەڵات، جارێکیتر لاوانی کورد تەنها بەتاوانی بەرگریکردن لە نەتەوە و خاکیان دەستە دەستە لەلایەن جەللادانی کۆماری ئیسلامییەوە جەستەیان خەڵتانی خوێن کراوە، لەژێر ناوی دژایەتی کردنی خودا و شۆڕش دا سزای لەسێدارەدان و زیندان بەسەریان دا سەپێنراوە، بەڵام لاوانی کورد سەرەڕای هەموو ئەو زەبرو زەنگە بەگوڕتر لەجاران هەر لە مەیدانی خەبات دان و لە هیچ فیداکاریەک دریغ ناکەن . بەڵام بەرنامەکانی کۆماری ئیسلامی کە بۆ لەباربردن و تێکدانی ڕێزەکانی کۆمەڵگا بەگشتی و لاوان بەتایبەت دایدەڕێژێت کۆتایی نایە و بەردەوام فۆڕمی جیاواز وەردەگرێت. کێشەگەلیی بێکاری بۆ لاوان ، ئاخنینیان لە زیندانەکاندا، پەرەپیدەدانی مەوادی هۆشبەر لە نێو کۆمەڵگا و لاوندا بە تایبەتی تا نەتەوەیەکی کەمئاگا بەرهەمبێنێت، لاوان لەژێر ناونیشانی جیاواز دا چەکدار و بەسیج دەکات و بۆ گەیشتن بە مەرامەکانی خۆی بەکاریان دینێت و ئیمتیازیازیان پێ دەدات، بەمەستی بلاوبونەوەی نەخۆشی بە ئازاد کردنی هاوسەرگیری سیغە کە سەرچاوەی هەڵگری زۆر نەخۆشی مەترسیدارە و هەزاران کەس بەدەست ئەو نەخۆشیە کوشندانەوە دەناڵێنن. ژمارەی ئەوانەی کە هەولی خۆکوشتن دەدەن روو لەزیادبوونە، ژمارەیەکی بەرچاوی لاوانی ئێران و ڕۆژهەڵات پەڕاگەندەی وڵاتانی ڕۆئاوا بوون، ژمارەیەکی تریان بەناوی جیهادەوە تێکەڵ بە گروپە توندڕەوە ئیسلامییەکان بوون، بێئاگایانە لەوڵاتانی دراوسێ و ناوچەکە دا بەشداری جەنگێکی ناوچەیی بێ ئەوەی ئامانجەکەی ڕوون بێت دەکەن، هەموو ئەوانە خەسارەتێکی گیانی و جەستەیی بێئەنداز لە کۆمەڵگای ئێران بە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گشتی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەدەن. ئەگەر ڕێکخراوەکانی لاوان و کۆمەڵگاکانی مەدەنی زۆر بە گرنگییەوە نەڕواننە کێشە و گرفتەکانی لاوان لە ڕۆژهەڵات و ناوچەکە دا، ئەوا بێگومان کارەساتێکی مرۆیی لە داهاتوودا بەرۆکی کۆمەڵگا دەگرێت و دەرچوون لەو گێژاوە ئەستەم دەبێت. ئەرکی لاوان و ڕێکخراوەکان گرانترە لە جارانە و هەوڵ و هێممەتێکی زۆر زیاتری پێویستە.هەر بۆیە بە پێویستی دەزانین کە لاوانی کورد هەرچی زیاتر بە مافەکانی خۆیان ئاشنا بکرێن و خەبات بۆ دەستەبەر کردنی بە ئازادی ژیان بۆ هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا ببێتە ئەرکی سەرەکی و لێی غافڵ نەبن . بۆ ئەو مەبەستەش لەخۆبردوویی لاوانی کورد وەک چۆن لە مێژووی پڕ لە شانازیی گەلی کوردا سەلماندوویانە پێویستە .

بە هیوای سەرکەوتن بۆ هەموو لاوانی کورد بە گشتی و لاوانی یەکیەتی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی.

یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان.

٢٢ی خاکەلێوەی ١٣٩٥ ی هەتاوی

٩ / ٤ / ٢٠١٦ زایینی






کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# WOMEN

Democratic Women Union of Kurdistan

No : 43 Date: March 2016




کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org